**له بڵاو كراوەكانى ماڵپەڕی بەهەشت**

# چۆن تەوبە بکەم؟

پیداچونه ییی

م. عبداللطيف أحمد

م. خليل أحمد فرج

کۆکردنه [illegible]

م. علي خان

---

**ماڵپەری بەهەشت**

**ba8.org**

**ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی مامۆستای بەڕێز:

## الشيخ الدكتور عبد اللطيف أحمد

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله.

**وبعد،** خوای پەروەردگار! سەرەتا خۆم داوای لێخۆشبونت لێدەكەم ودەگەڕێمەوە بۆلات، ئەی پەروەردگارم! گەڕانەوە و تەوبەكەم لیَ قبولّ بكە بۆ خاتری ناوە جوانەكانت...

هەروەها داواش لە گشت موسڵمانان دەكەم كە تەوبە بكەن و بگەڕێنەوە لای خوای پەروەردگار، بۆ ئەوەی سەرفراز وخۆشحالّی دونیا وقیامەت بن.

بەڕاستی ئەم نامیلكەیەی كە مامۆستای بەڕێز: ((علی خان)) كردویەتیە كوردی بە سودە، وئامۆژگاریم بۆ چاك و خراپ ئەوەیە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی زیاتر بە خۆیاندا بچنەوە وزووتر وباشتر بگەڕێنەوە لای خوای پەروەردگار.

وە وریابن لە دواخستنی تەوبە وگەڕانەوە بۆلای خوای خۆیان، نەوەكا مردن یەخەیان پیَ بگرێت پێش تەوبەكردن ودوایی پەشیمانی دادیان نادات.

خوا لە هەموو لایەكمان ببورێت وبە باشی بمان گێڕێتەوە لای خۆی .

خوا پاداشتی مامۆستا ((علی)) بداتەوە لەسەر ئەم خزمەتەی.

والحمد لله وصلى الله وسلم على رسول الله.

**والسلام عليكم ورحمة الله.**

**أبو عبدالحق عبداللطيف أحمد**

سێ شەممە ٢٠١٠/٦/٢٩

# پێشەکی مامۆستای بەڕێز: مامۆستا خلیل ئەحمەد

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خودا، درود وڕەحمەت وسلاوی بێ پایان بۆ سەرگیانی پاکی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، وبۆسەر گیانی خزمانی ئیماندار وخێزان ویارو یاوەران وشوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

پاشان: تاوان وسەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار کارێکی خراپ وزیانبەخش وکوشندەیە بۆ ژیانی دونیا ودوارۆژی مرۆڤەکان، هەر تاوانە گۆڕانکاری سەلبی بەسەر سروشتی دڵ وجەستە وهەڵسوکەوت ورەفتار وژیان وگوزەرانی خەڵکدا هێناوە! هەر تاوان نەبوو ئیبلیسی لە پەرستشکاری خوا دەرپەڕاند ولە ڕەحم وسۆزی خوا دوورخرایەوە؟! هەر تاوان نەبوو «ئادەم و حەوا» ی لە ماڵی خۆشبەختی بەهەشت مەحروم وبێ بەشکرد ورەوانەی ژیانی سەرزەوی پڕ لە مەینەت کرد؟! هەر تاوان نەبوو پەروەردگاری بە ڕەحمی تورەکرد تا سەرزەوی بە ئاوی سزا بخنکێنێت؟! خۆ مەپرسە لە قەومی لوط کە بە ئاژەڵەکانیشیانەوە بەرزی کردنەوە بۆ ئاسمان وتەنانەت فریشتەکان گوێیان لە دەنگی وەڕینی سەگەکانیان بوو، پاشان سەروژوری کردن ولە ناوی بردن؟! هەروەها سزای فیرعەون وباقی نەتەوەکانی تری بەنی ئیسرائیل لای بەڕێزتان شاراوە نیە!

کەوابوو ئەبێت خۆپارێز ولەخواترس ورەفتار جوان بین ومافی خوا وخەڵك بەجوانی جێ بەجێ بکەین وسەرپێچی فەرمانەکانی خوا نەکەین، وئەگەر هەڵە وتاوانیشمان کرد دەست بەجێ پەشیمان ببینەوە وتەوبە بکەین ونائومێدیش نەبین لە بەخشین و لێبوردەیی خوا، وهەمیشە بڵێین: «اللّهُمَّ إنّ ذُنُوبي عِظامٌ وَهِيَ صَغِيرٌ في جَنْبِ عَفْوِكَ يا كَرِيم! فَاغْفِرْها لِي». خودایە بەڕاستی تاوانەکانی من گەورەن بەڵام لە پاڵ لێبوردەیی تۆدا بچوکن، ئەی خوای گەورە لەوانەم خۆشبە.

بەڕاستی مافەکانی خوا لەوە گەورەترن بەندەکان بتوانن پێی هەستن، نازونیعمەتەکانی لەوە زۆرترن بێنە ژماردن، بەڵام وا پێویستە بۆ ئێمە بە بەیانیانەوە، بە ئێوارانەوە، لە هەموو کاتێکدا تەوبەکاربین.

جا ئەم کتێبەی بەردەستتان هەوڵێکە لە لایەن بەڕێز: «مامۆستا عەلی خان»ەوە بۆ زیاتر دامەزراندنی موسڵمانان لەسەر تەوبەکردن وگەڕانەوە بۆلای خوا ودوورکەوتن لە داخوازیەکانی نەفس وشەیتان. خوای گەورە پاداشتی خەیریان بداتەوە ولە هەموو خراپەیەك بیانپارێزیت.

وداواکارم خوێنەری بەڕێز سودمەند بێت بە زانین وکردەوە پێکردنیان. وصلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم.

# پێشەکی چاپی پێنجەم

إِنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوْذُ بِالله مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا﴾.

أَمَّا بَعْد: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ الله، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ صلى الله عليه وآله وسلم، وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

سوپاس وستایشی بێ پایان بۆ خوای میهرەبان، سوپاسێك شایستە بێ بە جەلالەت و گەورەیی ئەو خوا مەزنە، سوپاس بۆ خوا لەسەر نیعمەتی ئەمن، لەسەر نیعمەتی ئەمان، لەسەر نیعمەتی وەرگرتنی تەوبەی تەوبەکاران. سوپاسێك فراوان بێ بە فراوانی فەزڵ و ڕەحمەتی، ئەو خوایەی کە تاك و تەنهایە، بێ شەریك، بێ ڕەفیق، بێ هاوەڵ، بێ هاوسەر، تەنیا لە ناوەکانیا، تەنیا لە سیفەتەکانیا، تەنیا لە زاتیا، تەنیا لە کرداریا، تاکە بێ نیاز، تاکە جێی نیاز، بێ نیاز بە هەموو

مەخلوقات، جێی نیازی خەڵك و کەون و کائنات، نە لە کەس بووە و نە کەسی لێ بووە، زانا و ئاگادارە بەوەی بووە و بەوەی ئەبێ، بەوەی نەبوە و بەوەشی نابێ، گەر ببوایە چۆن دەبوو، بۆ نەبووە و بۆ نابێ؟

بەرزی و پیرۆزی و مەزنی بۆ ئەو خوایەی کە گەڵایەك لە دارەکەی بەر نابێتەوە مەگەر بە ئیزن و ئاگا و زانستی ئەو نەبێ، بەر ئەبێ یا بەر نابێ، کە بەریش بوو بەر کوێ ئەکەوێ.

سوپاس و ستایش بۆ خوای میهرەبان، لێخۆشبووی تاوانەکان، وەرگری تۆبەی تۆبەکاران، بە توند سزادەری کافران، والاکاری دەرگا لە بۆ پەشیمان بووەکان، ئاسانکەری هۆکارەکان لە بۆ تەوبەکاران.

شایەتی ئەدەم کە هیچ پەرستراوێك بە هەق شایستەی پەرستن نییە، تەنها الله نەبێت، هەر الله شایستەی پەرستنە و جگە لە وی هیچی تر شایستەی پەرستن نییە.

هەروەها صەلات و سەلام لەسەر پەیامبەری خۆشەویستمان، لەسەر خانەوادە و کەس و کارە پاك و بەڕێزەکان، لەسەر و هاوەڵە مەرد و جوامێرەکان، لەسەر شوێنکەوتووانیان بەچاك تا ڕۆژی پەسڵان، پاشان:

پاش سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای خاوەن فەزڵبەخش و میهرەبـان، و داواکردنی صەلات و سەلام لەسەر پەیامبەری بەڕەحمـەت نێـردراو بـۆ سـەرجەمی جیهانیان.

**خوێنەری ئازیز ..**

ئەمە چاپی پێنجەمی نامیلکەی: ((چۆن تەوبـە بکـەم؟))ــە، کـە خـۆی لـە بنەڕەتدا نامیلکـەی: ((کَیْـفَ أَتُـوب))ی ((دار الـوطن)) و لـە مەتویەیـەکی بچـوك پێکهاتوە، لە بارەی چۆنیەتی تەوبەکردنەوە.

سـەرەتا بـەڕێز م.جلیلـی سـایتی بەهەشـت داوای لێکـردم بابـەتی نـاوبراو وەربگێڕم، چونکە بەشێك لە سایتەکەی تەرخان دەکات لە بـۆ باسـی تەوبـەکردن، منیش لەبەر بەجێگەیانـدنی واجـبی سەرشـان و پڕکردنـەوەی بۆشـایی و گرنگـی بابەتەکە و خۆشی ئوسلوبی دانەرەکەی، ڕۆیشتم بە دەم داواکاریەکـەی بەڕێزیـەوە، پاشان جەنابی مامۆستا عەبدوللەتیف و مامۆسـتا خـەلیل ئەحمـەد خـوای مـەزن پایەدار و پارێزراویان بکات -سەرباری سەرقاڵی و مەشغەڵەتیان- ئەرکیان کێشا و پێداچونەوەیان بۆ کرد، فبارك الله في عمرهما وجزاهما الله عنا وعن الإسـلام والمسـلمين خـير الجزاء.

ئیتر م.جەلیلیش ناوە و بەپێی خواستی خوێنەران هەڵدەستا بە چاپکردنەوەی -خوا پاداشتی خێری بداتەوە-.

بەڵام ئەمجارەیان دوای ئەوەی داوای لێکرابوو -هەروەها پەیوەندیشیان بە خۆمەوە کرد و داوایان لە خۆشم کرد- جارێکی تر بە چاپ بگەیەنرێتەوە. ئاگاداری کردمەوە و منیش پێم باش بوو بەڵام حەزمدەکرد پێداچونەوەیەکی بکرێ و هەندێك دەستکاری و زیاد و کەمی لێبکرێ، تا خوا فەزڵی بەخشی و دەرفەتی بۆ ڕەخساندین و ئەم نامیلکەیەی بەردەستی لێدەرچو، کە بە پشتیوانی و تەوفیق و عەونەتی خوای منەت بەخش ئەوەی کە بۆی زیادکرا گەیشتە زیاتر لە دوو ئەوندەی ئەسڵەکەی خۆی.

جا لەبەر ئەوەی خوای مەزن لە قورئاندا فەرمان دەکات بە سەرجەم موسڵمانان کەوا تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە، و ئەفەرموێ: ﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣١﴾ [النور:٣١] ، واتە: ((تەوبە بکەن هەموتان ئەی ئیمانداران بەڵکو سەرفراز بن)).

هەروەها بەندەکانی کردۆتە دوو بەشەوە: تۆبەکار و ستەمکار، و هەرگیز سێیەمی بۆ نیە، دەفەرموێ: ﴿وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ١١﴾ [الحجرات:١١]، واتە: (( و هەرکەسێك تەوبە نەکات، ئا ئەوانەن ستەمکارەکان)).

هەروەها لەم ڕۆژگارەشماندا، خەڵك زۆر لە ئاینەكەی خوای گەورە دوركەوتونەتەوە، دەبینی سەرپێچی و خراپە و فەساد هەموو شوێنێكی گرتۆتەوە، تەنانەت وای لێهاتووە یەكێك نەماتەوە پرشی خراپەی بەر نەكەوتبێ، مەگەر ڕەحمی خوا.

بەڵام سوپاس بۆ خوا كۆمەڵێكی باش لە خەوی بێ ئاگایی و تاوان بێدار بوونەتەوە و هەستیان كردوە كە چەند كەمتەرخەمن لە ئاست خوای میهربان، بۆیە پەشیمان بوونەوە، هەندێكی تریش بێزار بوون لە ژیانی تەنگی و نارەحەتی و تەسكی، ئەوەتا بە دوای ڕێگەیەكدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی لە تاریكستان دەربچن بەرەو نورستان، بەڵام لە ڕێگادا شتانێكیان دێتە پێش وا دەزانن ڕێگرە لە نێو ئەوان و تەوبەدا ..

جا ئەم نامیلكەیە كورتە باسێكە لەو بارەیەوە، داواكارم لە خوای بەخشندە و میهرەبان و قبوڵكاری تۆبەی تۆبەكاران، تەوبە لە من و ئێوە و هەموو موسڵمانێك قبوڵ بكات.

لە كاتێكدا ئەم نامیلكەیە دەخەمە بەردەستتان، خوا ئەزانێت چەند خۆم بە كەمتەرخەم دەزانم، چەند شەرم دەمگرێت لە بارەی تەوبەوە بدوێم، جارێك تەوبە دەكەین سەد جار تاوان دەكەین، جارێك بە فەرمانی خوای میهرەبان دەڕۆینە ڕێوە سەد جار شەیتان گۆڵمان دەدا. ئاخر تەوبەكردن پیشەی هەمیشەیی پێشینی چاك و

پیاو چاکانمان بووه، بەرنامەی کاری ڕۆژانەیان بووه، هەربۆیە هەقی خۆی بوو پیاوی خۆی بێتە مەیدان و گوتاری خۆی بدات و لاپەڕەکان ڕەش بکاتەوه، هەر بۆیە پڕ بە دەمم ڕای دەگەیەنم: سوێند بە خوای مەزن ئەمە لە ڕوانگەی هەستکردن بە مەسئولیەتەوه نوسراتەوه نەك لە بابی ئەهلیەتەوه.

جا ئەم چەند دێڕە دیاری منە بۆ هاودەردەکانی هاوڕێم:

بۆ ئەوانەی بە دەست تاوانەکانیانەوه گیرۆدە بوون .. ؟!

بۆ ئەوانەی تاوانەکانیان بەندی کردون .. ؟!

بۆ ئەوانەی ستەمی زۆریان لە خۆیان کردوه .. ؟!

بۆ ئەوانەی زۆرێك لە تاوان ئەنجام دەدەن و کەمجار تەوبە دەکەن.. ؟!

بۆ ئەوانەی زۆرجار بڕیاری تەوبە کردن دەدەن.. بەڵام دوای دەخەن..؟!

بۆ ئەوانەی تاوانەکانیان لەو پەروەردگارە بە ڕەحمە دوری خستونەتەوه..؟!

بۆ ئەوانەی تاوانەکانیان بوه بە باعیسی دواکەوتنیان لە قافڵەی پیاوچاکان..؟!

بۆ ستەمکارێلێکی تاوانپیشەی ئەمسالی ئێمە.. ؟!

**هەروەها بۆ:**

ئەوانەی هیچ دەرگایەکی خراپە نەماوە لێیان نەدابێت..؟!

بۆ ئەوانەی لە تەمەنیان قورئانیان نەخوێندوە..؟!

بۆ ئەوانەی لە تەمەنیان سوژدەیەکیان بۆ خوا نەبردوە..؟!

بۆ ئەوانەی لە تەمەنیان تامی باوەڕیان نەچەشتووە..؟!

بۆ ئەوانەی ئەیانەوێت بە ڕاستی تامی ژیان بچەژن..؟!

بۆ ئەوانەی زۆر تاوانبارن، واشئەزانن چاکە کارن، و هیچیان نەکردوە..؟!

بۆ ئەوانەی بە دوای پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ژیانیاندا ئەگەڕێن .. ؟!

بۆ ئەمانە و جگە لەمانیش.. ئەم دیاریە پێشکەش دەکەم ..

**بە هیوای ئەوەی:** پوچەڵکەرەوەی پیلانەکانی شەیتانە مرۆیی و جنۆکەییەکان بێت کە دەیانەوێت کەس تەوبە نەکات و ببنە بەربەستی ڕێی تەوبەکردن.

**بە هیوای ئەوەی:** ڕێنشیاندەری تاوانبار بێت بۆ چۆنێتی تەوبەکردن، ڕێنمایی کاری تەوبەکار بێت بۆ چۆنێتی بەردەوام بوون..

**بە هیوای ئەوەی:** ئەو ئاوە سازگارە ساردە بێت کە لە دوای گەرما و شەکەتیەکی زۆر دەخورێتەوە ..

**بە هیوای ئەوەی:** فێنکی دەرونەکان بێت ..

لە بیرت نەچێت عیبرەت بە ڕێکی کۆتاییە .. نەك کەموکورتی سەرەتا

دواکارم لە خوای گەورە سود بە من و برا و خوشکانم بگەیەنێت، ئەوەشی عەیبێکی تێدا دەبینێت بەخیلی نەکات لە ئامۆژگاری، ئەوەشی سودێکی لێدەبینێت دوعایەکی خێر بکات، بەسم بێت خوا دوعایەکی خێری یەکێکتان بۆ من قبولّ بکات.

هەر هەق و ڕاستیەکیشی تێدا بینرا ئەوە تەنها لە خوای مەزنەوەیە و هەر ئەو خاوەن فەزلّ و بەخششە، هەرچیش جگە لەوەی تێدا بوو، ئەوە لە نەفسی خۆم و شەیتانەوەیە و خوا و پەیامبەرەکەی لێی بەرین.

پەناش دەگرم بەخوا لەوەی بە بیری ئێوەی بێنمەوە و خۆم لە یادی بکەم، والله أعلم. وصَلِ اللَّهُم عَلَى مُحَمَد خاتم النبيين وَآلِهِ وَالحَمْدُ لله رَبِّ العَالمِين.

هەژاری ڕەحمەت و بەزەیی و لێخۆشبوونی خوای میهرەبان

عەلی محمد عە لی خان

خوا خۆش بێت لەخۆی و دایک و باوکی و موسڵمانان

مزگەوتی قازی محمد/ کەلار - ٢٣ ربيع الأول ١٤٣١

Alikhan_alkurdi@gawab.com

## دەستپێک ٥

زۆربەی خەڵکی بەها و هەقیقەتی تەوبە نازانن، چ جای ئەوەی پێی هەستن، ئەوانەشی بەهای تەوبە دەزانن، نازانن ڕێگای بەدەستهێنانی چۆنە، ئەگەریش ڕێگاکە بزانن چۆنێتی دەست پێکردنەکەی نازانن؟

جا وەرە لەگەڵماندا با بزانین هەقیقەتی تەوبە و ڕێگای بەدەستهێنانی چییە و چۆنە؟ بەو ئومێدەی لێی تێبگەین و بە ئامانجەکەی بگەین. سەرەتاش ئەبێ ئەوە بزانین کەوا:

## هەموهماه هەهە دههەهە ه

**برای خۆشەویستم .. خوشکی بەڕێزم**

هەموومان تاوانبارین، هەموو هەڵەکارین، جارێك ڕوو لە خوای گەورە دەکەین و چەندین جار ڕوو وەردەگێڕین، تاوێك هەست بە چاودێری خوا دەکەین و تاوانێك بێئاگایی باڵمان بەسەر دەکێشێ، بێ هەڵە نابین، هەر دەبێت هەڵەمان لێبوەشێتەوە، نە من و نە تۆ مەعصوم نین، پەیامبەری خوا صلى الله عليه وآله وسلم

دەفـەرموێت: (( كُـلُّ بَنِـي آدَمَ خَطَّـاءٌ، فَخَـيْرُ الخَطَّـائِينَ التَّوَّابُـونَ )). واتـە: ((هـەموو ئادەمیزادێك زۆر هەڵە دەکا و هەڵەکارە، و باشترینی هەڵەکاران تۆبەکارانن))[١].

سەهو و کەموکورتی لە سروشتی مرۆڤن، لە گەورەترین نیشانەکانی ڕەحمەتی خواش بۆ مرۆڤ ئەوەیە: دەرگای تەوبەی بۆ کردۆتەوە، فەرمانی پێکردووە هـەر کـە تاوانێکی تووش بوو سەرپێچیەکی ئەنجامدا، پەشیمان بێتەوە و ڕوو لـەو بکـات و بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو. ئەگەریش ئەم ڕەحمەتە فراوانەی خوای مەزن نەبوایە، مـرۆڤ دەکەوتە نارەحەتی و تەنگیەوە، هیمـمـەتی لاواز دەبـوو لـەوەی نزیـك بێتـەوە لـە پەروەردگارەکەی، بێ هیوا دەبوو بـە لێخۆشـبوون و میهرەبـانی دروسـتکارەکەی. بەڵام ئەمەش نابێت وا بکات بە کەم تەماشای تاوان بکرێت.

نابێت بە کەم تەماشای تاوان بکرێت

**برای خۆشەویستم .. خوشکی بەڕێزم**

یەکەکێك لە گەورەترین نیشانەکانی لێبوردەیی و لێخۆشـبویی خـوای مـەزن ئەوەیـە: دوای ئەنجامـدانی تاوانەکـە و پـێش نوسـینی لـە لەلایـەن فریشـتە بەڕێزەکانەوە، ماوە و موهلەتێکی پێداوین تا پەشـیمان ببینـەوە و نەنوسـرێت لـە

---

[١] رواه أحمد والترمذي وابن ماجه والحاكم وصححه وحسنه الألباني.

سەرمان، هەروەك پەیامبەری خوا صلى الله عليه وآله وسلم دەفەموێت: ((إِنَّ صَاحِبَ الشِّمَالِ لِيَرْفَعُ الْقَلَمَ سِتَّ سَاعَاتٍ عَنِ الْعَبْدِ الْمُسْلِمِ الْمُخْطِئِ أَوِ الْمُسِيءِ، فَإِنْ نَدِمَ وَاسْتَغْفَرَ اللهَ مِنْهَا أَلْقَاهَا، وَإِلا كُتِبَتْ وَاحِدَةً))[٢].

واتە: ((فریشتەی دەستە چەپ بۆ ماوەی شەش سەعات -سات- قەڵەم لەسەر ئەو موسڵمانە هەڵدەگرێت کە تاوانێك یان خراپەیەك ئەنجام ئەدات، جا ئەگەر پەشیمان بووەوە و داوای لێخۆشبونی لە خوا کرد ئەوە لەسەری ناینوسێت، وەگەرنا بە یەك خراپە دەنوسرێت)).

ئەو سەعاتەش پێدەچێت ئەم سەعاتە گەردونیە بێت کە لای هەموان مەعلومە، پێشدەچێت ماوەیەکی کەم بێت لە شەو یان لە ڕۆژدا.

هەروەها مۆڵەتێکی تریشی پێداوین، ئەویش دوای نوسین و پێش مردنە.

بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە: زۆرێك لە خەڵکی ئەم زەمانە ڕێز لە خوای مەزن ناگرن، بە شەو و ڕۆژ بە جۆرەها تاوان و سەرپێچی ڕوبەڕوی خوای مەزن دەوەستنەوە، تەنانەت هەندێکیان زۆر بە کەم تەماشای تاوان دەکات، هەندێك خراپە هەر بە تاوان نازانێت، ئەڵێت:

---

[٢] رواه الطبراني في الكبير والبيهقي في شعب الإيمان وحسنه الألباني.

جا تەوقەكردن لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم چی تێدایە؟! ئەڕوا تەماشای هەرچی حەرامە دەكات لە فیلم و موسەلسەل و گۆڤار و ڕۆژنامە خراپەكان؟! هەندێكی تریان ئەگەر زانی شتەكە حەرامە، دەپرسێت: چەندێك حەرامە؟! تاوانێكی گەورەیە یان بچوكە؟!

جا كە حاڵی ئەو ڕۆژگارەی خۆمانت زانی تەماشای حاڵی سەلەفی صالح و پیاوچاكانی دوای ئەوان بكە:

وەك لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە، فەرمویەتی: ((إِنَّكُمْ لَتَعْمَلُونَ أَعْمَالًا هِيَ أَدَقُّ فِي أَعْيُنِكُمْ مِنْ الشَّعَرِ إِنْ كُنَّا لَنَعُدُّهَا عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وآله وَسَلَّمَ مِنْ الموبِقَاتِ)).

واتە: ((بەڕاستی ئێوە هەندێك ئیش دەكەن لە تاڵە موو باریكترە لە پێش چاوتان، بەڵام ئێمە لە سەردەمی پەیامبەری خوادا صلى الله عليه وآله وسلم ئا ئەو جۆرە كارانەمان بە تاوانە لەناوبەرەكان دەزانی )).

هەر لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە عەبدوڵڵای كوڕی مەسعودەوە، فەرمویەتی: ((إِنَّ الْمُؤْمِنَ يَرَى ذُنُوبَهُ كَأَنَّهُ قَاعِدٌ تَحْتَ جَبَلٍ يَخَافُ أَنْ يَقَعَ عَلَيْهِ، وَإِنَّ الْفَاجِرَ يَرَى ذُنُوبَهُ كَذُبَابٍ مَرَّ عَلَى أَنْفِهِ فَقَالَ بِهِ هَكَذَا)).

واتە: «ئیماندار -ئەوەندە بە گەورە لە تاوانەکانی دەڕوانێت-، تاوانەکانی وەك شاخێك دەبینێت بەسەر سەریوە، هەمیشە دەترسێت دارمێت بە سەریا، بەڵام فاجر و خراپەکار -ئەوەندە بە بچوك لە تاوانەکانی دەڕوانێت-، تاوانەکانی وەك مێشێك تەماشا دەکات بەلای لوتیدا تێپەڕێت، بە دەستەکانی ئاوهایەکی لێبکات».

جا هەرکەسێك دەیەوێت لە ئیماندارە ڕاستەقینەکان بێت، ئەبێت لە تاوانەکانی بترسێت و زۆر وریاییان لێبکات، بە کەم و سوك تەماشایان نەکات، نەوەك بە هۆیەوە خوای دادگەر و کارساز سزای بدات.

بەڵێ ئیمانداری ڕاستەقینە زۆر بە گەورە تەماشای تاوان دەکات، لە خوای مەزن دەترسێت، بەڵام فاسق و فاجر زۆر گوێ بە تاوان نادات و بە کەم تەماشای دەکات. خوای مەزن بە فەزڵ و لوتف و کەرەمی خۆی لە ئیماندارە ڕاستەقینەکانمان بگێڕێت.

لە هەموو ئەمانەش ترسناکتر: ئەو فەرمایشتە پیرۆزەی پەیامبەری خوایە صلی الله علیه وآله وسلم کە لە موسنەدی ئەحمەددا هاتووە بە سەنەدێکی صەحیح، لە سەهلی کوڕی سەعدەوە: «إِيَّاكُمْ وَمُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ، فَإِنَّهُنَّ يَجْتَمِعْنَ عَلَى الرَّجُلِ حَتَّى يُهْلِكْنَهُ، فَإِنَّ مَثَلَ مُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ كَمَثَلِ قَوْمٍ نَزَلُوا بِبَطْنِ وَادٍ ، فَجَاءَ ذَا بِعُودٍ وَذَا بِعُودٍ حَتَّى

جَمَعُوا مَا أَنْضَجُوا بِهِ خُبْزَهُمْ ، وَإِنَّ مُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ مَتَى يُؤْخَذْ بِهَا صَاحِبُهَا تُهْلِكْهُ)). واته: ((ئامان وریای تاوانه وردەکان بن -ئەو تاوانانەی کە بە کەم تەماشا دەکرێن و گوێیان پێنادرێت-، چونکە بەرە بەرە لەسەر خاوەنەکەی کۆ دەبنەوە تا لە ناوی دەبەن، - پاشان پەیامبەری خوا صلى الله عليه وآله وسلم نمونەیەکمان بۆ دێنێتەوە لە بارەی مەترسیداری تاوانە وردەکان و ئەفەرموێ- بەڕاستی نمونەی تاوانە وردەکان وەك خەڵکانێك وایە لە نێو جەرگەی دۆڵێکدا لا بدەن، جا ئەمەکەیان بڕوا چڵە دارێك بێنێت و ئەوەیەکەیان بڕوات چڵە دارێکی تر بێنێت ئا بەو شێوەیە ئەوەندە کۆبکەنەوە تا چێشتەکەیانی پێ لێدەنێن، بەڕاستی تاوانە وردەکان ئەگەر کۆببنەوە خوای مەزن نەیسڕێتەوە خاوەنەکەی لەناودەبات)).

لە سونەنی ئیبن ماجەشدا هاتوە بە سەنەدێکی صەحیح لە فەرمودەکەی عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێ-، پەیامبەری خوا صلى الله عليه وآله وسلم فەرمویەتی: ((إِيَّاكِ وَمُحَقَّرَاتِ الذُّنُوب فَإِنَّ لَهَا مِنْ اللهِ طَالِبًا)). واتە: ((ئامان وریای تاوانە وردەکان بە، چونکە بێگومان لە لایەن خوای مەزنەوە داواکارێکی هەیە )). یانی: جۆرە سزایەکی بۆ دانراوە بە دواوەیەتی و هەر تۆڵەی لێدەکاتەوە، هەر بۆیە نابێت هەرگیز بێ ئاگا بین لە تاوانەکان بە تایبەت بچوکەکان.

**برا خۆشەویستەکەم .. خوشکە بەڕێزەکەم**

دەزانیت ئەو تاوانە ورد و بچوکانەی وا من و تۆ بە هیچی نازانین، ئەگەر

١. بەکەم تەماشا بکرێت.

٢. گوێیان پێنەدرێت.

٣. لە خوا نەترسیت لە ئەنجامدانی. **سەردەکێشیٚ بۆ تاوانە گەورەکان.**

ئەمەش لەو وتەیەی ئیبن عەبباس و ئەنەسەوە ڕەزای خوایان لێبێت وارگیراوە کە سابت بووە لێیانەوە، ئەفەرمون: ((**لاَ صَغِيرَةَ مَعَ الإِصْرَارِ، وَلاَ كَبِيرَةَ مَعَ الاِسْتِغْفَارِ**))، واتە: ((تاوانێك بچوکیش بێت مادام سور بیت لەسەری بە بچوك هەژمار ناکرێت)). یانی هەر تاوانێك:

مرۆڤ سور بێت لەسەری و بە بەردەوامی ئەنجامی بدات.

بە سوك و کەم تەماشای بکات.

بە کردنی دڵخۆش بێت و شانازی پێوە بکات.

ئەوا با چاك بزانێت ئەو تاوانە بچوك نیە و گەورەیە و مەترسی عقوبەی لێدەکرێت لەلایەن خوای مەزنەوە.

دوای ئـەوەش **خوشـكە بەشـەرمەكەم .. بـرا بـە ویقارەكـەم:** لـە بچـوكیی و گەورەیی تاوانەكەت مەڕوانە، لە گەورەیی ئەو خـوا مەزنـە بڕوانـە كـە بـە پـێش چاویەوە سەرپێچی دەكەیت.

ئەم چەند وشەیەش –بە ئیزنی خوا- ئەوانە سودی لێدەبینن كـە هەسـت بـە تاوانباری و كەمتەرخەمی دەكەن، ئەوانەی كـە چـۆن بڕوایـان بـە ﴿نَبِّئۡ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ هەیە، ئاوهاش بڕوایان بـە: ﴿وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ ٱلۡعَذَابُ ٱلۡأَلِيمُ﴾ [الحجر:٤٩-٥٠] هەیە، كەوابوو: چار چیە، ڕێگای ڕزگاربوون لە كوێیە؟!

## ڕێگای ڕزگاربوون لە کوێیە؟

**لەوانەیە بلێی:**

من كامەرانیم دەوێ، ئەمەوێ ڕزگـاربم، هیـوام لێخۆشـبوونە، بـەڵام نـازانم چۆن؟! نازانم چۆن دەست پێ بكەم؟

من وەك خنكاوێكم، خوا خوایەتی یەكێك دەستی بگرێ، وەك سەرگەردانێكم سەری لێشواو بێ، ڕێگەی لێ ون بوو بێ، چاوەڕێی یارمەتیە، تروسـكەیەك هیـوام دەوێ، تیشكێك ڕوناكیم دەوێ، بەڵام ڕێگاكە لە كوێیە، ڕێگاكە..؟!

برای خۆشەویستم ڕێگاکە: دیارە وەکو خۆر، ڕۆشنە وەکو مانگ، یەکێکە و دوانی بۆ نیە..

ئەویش ڕێگەی تەوبەکردنە، ڕێگای پەشیمان بوونەوەیە، ڕێگای گەڕانەوەیە بەرەو لای خوا.. ڕێگەی ڕزگاربوون، ڕێگەی سەرفرازی.

ڕێگەیەکی ئاسانە، لەهەموو ساتێکدا بەرامبەرت والآیە و کراوەیە، ئەوەندەت لەسەرە تەنها: ئەو ڕێگایە بگریتە بەر و لە دەرگاکە بدەی، ڕاستەوخۆ گوێت لە وەڵامەکە دەبێت و ئەفەرمویێت: ﴿وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهۡتَدَىٰ ﴿٨٢﴾﴾ [طه:٨٢].

واتە: «بەڕاستی ئە من لێبوردەم لە ئاست ئەو کەسەی پەشیمان دەبێتەوە و تەوبە دەکات و باوەڕ دێنێت و کردەوەی چاك ئەنجام دەدات، پاشانیش ڕێگای ڕاست دەگرێتە بەر، شوێن پێی پەیامبەرەکەم هەڵدەگرێ و بەردەوام دەبێ لەسەر ئەو ئیسلامەتیە هەتا مردن».

ئەوەتا خوای پەروەردگار سبحانە وتعالی بانگی سەرجەم بەندەکانی خۆی دەکات، باوەڕدار و بێ باوەڕ، کە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای، لەسەرجەم تاوانەکان: لە کوفر، لە شیرك، لە نیفاق، لە بیدعە، لە خراپەکاری، لە سەرپێچی...

پێی ڕایگەیاندوین کە ئەو لەسەرجەم تاوانەکان خۆش دەبێت، هەرچ تاوانێك بێت، چەند زۆریش بێت، چەند گەورەش بێت، با وەك کێوەکان بێت لە گەورەییدا، با وەك کەفی دەریا بێت لە زۆریدا، هەر لێی خۆش دەبێت، هەر وەك خۆی دەفەرمویت:

﴿قُلْ يَـٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾[الزمر:٥٣].

واتە: ((ئەی موحەممەد! بڵێ: خوا دەفەرمویت: ئەی ئەو بەندانەم! کە تاوان و هەڵەی زۆرتان ئەنجام داوە، زیادەڕۆیتان کردوە لە هەرچی جۆری تاوان هەیە، توشی نائومێدی مەبن لە ڕەحمەت و بەزەیی خوا و بڵێن: تاوانەکانمان زۆرە و عەیب و عارمان زۆرە، تازە چی ئەیسڕێتەوە، ئیتر بەو بیانووەوە بڕۆن بەردەوام بن لە تاوان و سەرپێچی، و دەرەنجام خوا لە خۆتان تورە دەکەن، نەخێر هەرگیز نائومێد مەبن، بەڵکو پەروەردگارتان بناسن، ئەو زۆر لێخۆشبوە، زۆر لێبوردەیە، زۆر نەرم و نیانە، تۆبەکاری زۆر خۆش دەوێت، **نوزەی گریانی تۆبەکاری لە تەسبیحاتی عابدانی لا خۆشترە**، بزانن کەوا ئەو: لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت: لە شیرك، پیاو کوشتن، زیناکردن، ڕیبا خواردن، عارەق خواردن، ستەمکردن، حەرام خواردن و حەرام کردن.. لە هەرچی تاوان و هەڵەی گەورە و بچوکی تر هەیە لە هەمووی خۆش

دەوێت، بێگومان ئەو خوایە زۆر لێبوردە و بە سۆز و میهرەبانە، غەفور و ڕەحیمە، دوو سیفەتن هەرگیز لە خوای مەزن جیا نابنەوە، بە شەو و ڕۆژ دەستی والآ کردوە بۆ تاوانباران، بەڵام بۆ لێخۆشبون و میهرەبانی خۆی، ئەسبابی داناوە، گەورەترین سەبەبێکیش مرۆڤ بیگرێتە بەر، بەڵکو هیچ سەبەبێکی تر نیە جگە لەوە نەبێت بریتیە لە: گەڕانەوە بۆلای خوای مەزن ئەویش بە تەوبەی پاك و ڕاستەقینە، بە نزا و پاڕانەوە و عیبادەتکردن، جا وەرن و دەستبگرن بەم سەبەبە مەزنەوە، بەم ڕێگا فراوانە ڕوونەوە تا سەرفراز بن)).

## ئەی تەوبە کردن چیە؟

تەوبەکردن لە ئەصڵی زمانی عەرەبیدا: بە مانای هەریەك لە: گەڕانەوە، و هاتنەوە، و پەشیمان بوونەوە دێت.

**بەڵام شەرعدا زانایان چەندین پێناسەیان کردوە لەوانە:**

**١. ((الاسْتِغْفَارُ بِاللِّسَان، والإقْلاعُ بالأَبْدان، وإِضْمَارُ تَرْكِ العَوْدِ بالجَنَان، ومُهَاجَرةُ سَيِّءِ الإِخْوَان، وإِرجَاعُ حُقُوقِ بَنِي الانْسَان)).**

واتە: ((بریتیە لە داوای لێخۆشبون کردن بە دەم، و پەشیمان بوونەوە و دەستبەردار بوون بە لاشە، و سور بوون و جەختکردنەوە لە دڵەوە لەوەی

نەگەڕێیتەوە، و دووركەوتنەوە لە برادەری خراپ، و گەڕانەوەی مافی خەڵك -ئەگەر بە لاتەوە هەبوو-)).

٢. ((تَرْكُ الذنبِ عِلْماً بقُبحِهِ، ونَدَماً عَلى فِعْله، وعَزْماً عَلَى أَلّا يَعُودَ إِلَيْهِ إِذَا قدر، وردُّ المظْلَمَةِ إِنْ كَانَت، أَوْ طَلَب البَرَاءَة مِنْ صَاحِبِها؛ إِخْلاَصَاً لله، ورَجَاءً لِثَوَابِه، وخَوْفَاً مِنْ عِقَابِه، وأَنْ يَكُونَ ذلِكَ قَبْلَ الغَرْغَرَةِ، وقَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْس مِنْ مَغْرِبها)).

واتە: ((وازهێنان لە تاوان لە بەر خراپیەکەی، و پەشیمان بونەوە لە کردنەکەی، و سوربوون لەسەر نەگەڕانەوە، و گێڕانەوەی ئەوەی بە ستەم لایەتی یان گەردن ئازایی کردن لە خاوەنەکەی؛ هەموو ئەمانەش تەنها لەبەر خوا و بە هیوای پاداشتی و ترسان لە سزای بێت، ئەبێت ئەمەش پێش سەرە مەرگ و پێش هەڵاتنی خۆر بێت لە خۆر ئاواوە)).

٣. (( هِي الرُّجُوعُ مِمِا يكْرهه اللهُ ظَاهِراً وبَاطِنَا إِلَى مَا يُحِبّه ظَاهِرا وبَاطِنا )).

واتە: ((بریتیە لە گەڕانەوە لەوەی خوا پێی ناخۆشە بە ئاشکرای و شاراوەیەوە بۆ ئەوەی خوا پێی خۆشە بە ئاشکرای و شاراوەیەوە)).

ئەمەشیان پێناسەیەکی گشتگیرە و سەرجەم یاساکانی ئیسلام و هەقیقەتەکانی ئیمان دەگرێتە خۆی.

بەڵێ، تەوبەکردن ڕێگایەکی پارێزراوە لە یەئس و بێ ئومێدی، کانی پڕئاوە بۆ هەموو شەکەتێکی ئاوی سازگار نەدی، سەرچاوەی خێرە بۆ هەموو خێر و خۆشیەکی دونیا و دوارۆژی ئەبەدی، تەوبەکردن سەر هەموو شتێکە، ژیانەوەیە، هۆی سەرفرازیە،ماڵی یەکەم و ناوەڕاست و کۆتای مرۆڤە، تەوبەکردن سەرەتای بەندە و کۆتاییەتی.

بەڵێ، **تەوبەکردن:** وازهێنانە لە تاوان تەنها لە ترسی اللە، هەستکردنە بە ناقۆلایی و ناشیرینی تاوان، پەشیمان بوونەوەیە لە تاوانکردن، و سووربوونە لەسەر نەگەڕانەوە بۆ تاوان ئەگەریش بۆی بڕەخسێت و تواناشی هەبێت، تەوبەکردن هەستکردنە بە پەشیمانی لە ئاست ئەو هەڵە و تاوان و خراپی و سەرپێچیانەی کە ڕویانداوە، ڕوو کردنە خوایە لەو تەمەنەی کە ماوە.

# بۆچی تەوبە بکەی؟

**برای سەنگینم .. خوشکی بەشەرمم**

پێدەچێت لێم بپرسی: بۆ دەبێت واز لە جگەرەکێشان بهێنم لەکاتێکدا پێی مورتاح دەبم؟

بۆ واز لە تەماشاکردنی فیلمی خراپ بهێنم لە کاتێکدا چێژی لێوەردەگرم؟

بۆ واز لە ڕابواردنی تەلەفۆنی بهێنم لەکاتێکدا ئەوە ئاواتی منە؟

بۆ دەستبەرداری تەماشاکردنی ئافرەت ببم لەکاتێکدا پێی ئاسودە دەبم؟

بۆ دەبێت پەیوەست بم بە نوێژ و ڕۆژووەوە لەکاتێکدا من حەزم بە پەیوەست بوون و بەستنەوە نیە؟

بۆچی و بۆچی..؟!

ئایا پێویست نیە مرۆڤ ئەوە بکات کە خۆشحاڵ و ئاسودەی دەکات و خۆشی خۆی تێدا دەبینێتەوە؟ دەی ئەوەی کە من ئاسودە دەکات ئەوەیە وا تۆ پێی ئەڵێی تاوان .. کەوابو بۆ تەوبە بکەم و بگەڕێمەوە، بۆ لە خۆشیەوە خۆم بخەمە ناخۆشی؟!

جا پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە باش بزانە **-برا سەنگینەکەم .. خوشکە بە شەرمەکەم-** خواش ئەزانێت کە تەنها ئاسودەیی تۆم دەوێ و هیچ مەبەستێکم نیە جگە لە سەرفرازی تۆ نەبێت، هیچ مەبەستێکم نیە تەنها خێر و خۆشی و سەرکەوتنی تۆ نەبێت لە هەردوو دونیادا، هەر بۆیە دڵنیابە گەر بزانم بە هەقیقەت ئەو شتانە مرۆڤ ئاسودە و خۆشحاڵ دەکەن، هەرگیز قەڵەمم لەسەر کاغەز نەدەنا و ئەم چەند دێڕەم بۆت نەدەنوسی!!

ئێستاش دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەت: **تەوبە بکە برام .. خوشکم**، چونکە تەوبەکردن :

## یەکەم: گوێڕایەڵیە بۆ فەرمانی پەروەردگاری پاك و میهرەبانت:

ئەوە پەروەردگاری مەزنە فەرمان بە من، بە تۆ، بە ئەو، دەکات، فەرمان بە هەموومان دەکات، هەموو.. کەوا تەوبە بکەین و بگەڕێینەوە و پەشیمان ببینەوە، هەروەك دەفەرموێت :

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ تُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا﴾[التحريم:٨].

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خوا، بە تەوبەیەکی نەصوحەوە، بە گەڕانەوەیەگی پاك و پوختەوە.

هەروەها لە ئایەتێکی شیرینی تردا دەفەرموێ: ﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣١﴾ [النور:٣١].

واتە: هەمووتان بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و تەوبە بکەن ئەی ئیمانداران بەڵکو سەرکەوتو و سەرفراز بن.

دەبینی ئایەتەکە دەفەرموێ: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بە ئیمانداران بانگ دەکات، کەواتە **تەوبەکردن تایبەت نیە بە تاوانبارانەوە**، هەر لەسەر ئەو نیە بە تەنها تەوبە بکات، بەڵکو تۆی ساڵحانیش، تۆی پیاوچاکیش، تۆی مولتەزمیش، تۆی ڕێکوپێکیش.. وا مەزانە ئەم کتێبە باسی تۆ ناکا و پەیوەندی بە تۆوە نیە..، نەخێر، بەڵکو تەوبەکردن واجبە لەسەر ئیماندار و پیاوچاك و تاوانبار و فاسق و سەرپێچیکار.. واجبە لەسەر هەموو ئەوانەی کە بانگی: ﴿ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە﴾ دەیانگرێتەوە. جا فەرمانی خواش دەبێت گوێڕایەڵی بکرێت و بە دەمیەوە بڕۆی.

**دووەم: هۆکارێکە بۆ شادمانی و سەرفرازیت لە دونیا و دوارۆژدا:**

خوای پایە بەرز دەفەرموێ: ﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ۝٣١﴾ [النور:٣١]. واتە: هەمووتان بگەڕێنەوە بۆلای خوا و تەوبە بکەن ئەی ئیمانداران بەڵکو ڕزگارتان بێت و سەرفراز بن.

یانی ئەگەر سەرفرازی دونیا و دوارۆژتان دەوێت، تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خوای میهرەبان.

ئیبن کەسیریش دەڵێت: یانی: ئەو شتانە بکەن کە من فەرمانتان پێدەکەم لە ئاکار و ڕەفتار و گوفتار و ڕەوشتی جوان و بەرز، هەروەها وازیش لەو ئاکار و ڕەفتار و گوفتار و ڕەوشتە چەپەڵانە بهێنن، چونکە بێگومان سەرفرازی هەقیقی بریتیە لە بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی خوا و پەیامبەرەکەی و وازهێنان لەوەی ئەوان نەهیان لێکردوە.

شەیخولئیسلامیش -بە ڕەحمەت بێت- ئەفەرموێت: «دڵ هەرگیز چاکی و شادمانی و سەرفرازی و چێژ وەرگرتن و خۆشحاڵی و ئۆقرەیی و ئارامی بە خۆوە نابینێت، **مەگەر بە عیبادەتکردنی پەروەردگارەکەیی و خۆشویستنی و گەڕانەوە بۆلای ئەو نەبێت**، بە ئا بەوە دڵی ئارام دەبێت».

﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ٢٨﴾ [الرعد:٢٨]، باش بزانن، دڵنیابن هەر بە یادی خوا دڵەکان دەحەوێتەوە و ئارام دەبێت.

هەروەها خوای لێخۆشبو و نەرمونیان دەفەرموێت: ﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ۚ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ١٢٥﴾. [الأنعام:١٢٥]

واتە: جا ئەو کەسەی خوا بیەوێت هیدایەتی بدات و ڕێی نیشان بدات، ئەوە سینگی فراوان دەکات و دەیگەشێنێتەوە بۆ ئایینی ئیسلام، ئەوەشی خوا بیەوێت گومڕای بکات -بەهۆی نەشیاوی خۆیەوە-، دڵی زۆر تەنگ و تەسك دەکات، وەك ئەوەی بیەوێت بەرەو ئاسمان بەرز بێتەوە، ئا بەو شێوە خوا پیسی و ناپاکی لەسەر دڵی ئەوانە دادەنێت کە باوەڕ ناهێنن.

کەواتە ئیمان هێنان و هیدایەت وەرگرتن، حەوانەوەی دڵە، هەر وەك چۆن گومڕایی و لەڕێدان، تەنگی و تەسکی دڵە.

دە کەوابو ئەوەی تۆ پێی دەڵێی دڵنیایی، دڵشادیی، سەرفرازی، خۆشی..، لە هەقیقەتدا شایستەی ئەو وەسفانە نین!! ئەگەریش چێژێکی تێدا بێت:

**یان** بەهۆی ئەوەیە کە زۆر بەردەام بوویت لەسەر کردنی ئەو کارە، **چێژەکە لە خو پێوەگرتنەکەیە نەك لە خودی شتەکە**، وەکو کەسێك جگەرە بکێشێ، ئایا

جگەرە کێشان چێژی تێدایە بۆ کەسێك یەکەمجار و دووەمجاری بێت؟!! هەروەها ئەوەشی تلیاك دەکێشیّ؟! بەڵام لەوەودوا چێژیشی لێوەربگریّ لەبەر خۆشی تلیاکەکە نیە لەبەر خو پێوەگرتنێتی -موعتاد بوونە لەسەری-.

**یان** ئەگەر چێژێکیشی تێدا بێت، **ئەوە کاتیە**، تەماشاکردنی فیلمی ڕووت، چێژی تێدایە یان تاڵی؟ چەند خولەکێك دوای تاوانەکە و هەر تاوانێکی تر وەڵامی پرسیارەکەت بۆ دەرکەوتوە.

بە مۆبایل ڕابواردن لەگەڵ کچاندا خۆشی تێدایە؟! ئەی کە تەلەفۆنەکە دادەخەی؟! سوێند بەخوا ئەگەر هەرکەسێکی ژیر تەنها لە غەم و پەژارە و خەفەتەکەی دوای تەلەفۆنەکە ورد بێتەوە بەسە بۆ ئەوەی واز لەو کارە بهێنێ!

دوو دڵ نیت؟ بێتاقەت نیت؟ نارەحەت نیت؟ ڕاڕا نیت؟ ناترسی حەیات بچێت؟

ئەگەم پێی، پێی ناگەم؟! کەی بیبینم؟! کە بینیتیش غەم و خەفەت سەر دڵت دادەگریّ کەی لە نزیکەوە بیبینم؟! کە لە نزیکیشەوە بینیت، کەی لە شوێنێکی وا بیبینم هەندێك شتی لەگەڵدا باس بکەم؟! کە ئەوەشت بۆ ڕەخسا، دەگەڕێی بۆ دۆزینەوەی فێڵێك بۆ ئەوەی شتی تری لەگەڵدا بکەی!

چونکە لە یەکەم ساتدا بە مۆبایل قسەت لەگەڵ کرد ئەمەت مەبەست بوو!
ئەگەریش مەبەستت ئەمە نەبوو بێت دڵنیات دەکەم شەیتان هەروای لێدەکات!!
ئیتر ئا بەو شێوەیە پەژارە لە دوای پەژارە ..

مەبەستم ئەوەیە خۆشی و تام و چێژ و حەوانەوە لە تەوبە و خۆشویستن و پەرستشی پەروەردگاری مەزندایە و هەرگیز خۆشی و تام و چێژ و حەوانەوە لە تاوانکردندا نیە.

## سێیەم: هۆکارێکە بۆ ئەوەی خودا خۆشی بوێت:

### خوشکی بە شەرمم .. برای بە هەست و ڕەحم

بزانە کەوا خوای مەزن تەوبە و تەوبەکارانی خۆش دەوێت، بەڕاستی **عیبادەتی تەوبەکردن** لە خۆشەویسترین و بەرێزترین عیبادەتەکانە لای خواوەندی پایەبەرز، بەڵێ خوای مەزن تەوبەکارانی خۆشدەوێت، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ ٢٢٢﴾ [البقرة:٢٢٢]. واتە: بەڕاستی خوا تۆبەکاران و پاکانی خۆشدەوێت.

پێشەوا و مامۆستامان ئیبن قەییم -خوا بە ڕەحمەتیکا و گۆڕەکەی مونەوەرکا- ئەفەرموێ: «ئەگەر تەوبەکردن خۆشەویسترین شت نەبوایە لای خوای مەزن، خۆشەویسترین بەندەی خوی توش نەدەکرد بە تاوان کردن، جا لەبەر ئەوەی

حەزی لە تەوبەکردنی بەندەکەیەتی، توشی دەکات بە تاوانکردن تا ئەوە بکات کە پێی خۆشە، کە ئەویش تەوبەکردن و گەڕانەوەیە، بەڵکو زیاتر خۆشی بوێت، بەڕاستی پەروەردگاری بەبەزەیی خۆشەویستیەکی تایبەتی هەیە تۆ بەکاران..».

**چوارەم: هۆکارێکە بۆ ڕۆیشتنە بەهەشت و ڕزگاربوون لە ئاگری پڕ ئێشی دۆزەخ:**

خودای پایەبەرز دەفەرموێت: ﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا ﴿٥٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ شَيۡـًٔا ﴿٦٠﴾﴾ [مريم:٥٩-٦٠]، واتە: لە دوای تێپەڕبونی سەردەمی ئەو پەیامبەرانە و شوێنکەوتوەکانیان، سەردەمانێکی تر و خەڵکانێکی تر هاتن بە دوای ئەواندا کە **نوێژەکانیان فەوتاند** و شوێنی هەوا و ئارەزووەکانی خۆیان کەوتن، ئەوانە توشی سزایەکی زۆر توند دەبن. **جگە لەوانەیان نەبێت کە تەوبەیان کرد** و ئیمانیان هێنا و کار و کردەوەی چاکیان ئەنجامدا -و گەڕانەوە بۆ نوێژکردن و پارێزگاری لێکردنی و شوێن کەوتنی فەرمایشتی خوا و پەیامبەرەکەیان-، ئا ئەوانە خوای لێخۆشبو تەوبەیان لێوەردەگرێت و ئاخر خێریان دەکات و دەیانکاتە میراتگری بەهەشتی پڕ ناز و نیعمەت.

**خوشکی دڵسۆزم .. برای ئەزیزم ! پێم بڵێ:**

توخوا هیچ خواستراوێکی تر هەیە، هیچ ئاواتێکی تر هەیە، هیچ ئامانجێکی تر هەیە، هیچ مەبەستێکی تر هەیە؛ شایستەتر بێت لە بەهەشت تا مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات؟!

دڵنیام دەڵێی: نەخێر .. بەڵام ئەوەندە هەیە پێ ئەچێت بڵێی: ئەو بەهەشتە نا کە تۆ مەبەستتە!

نا .. ئەو بەهەشتەی کە خۆم مەبەستمە.

**دەزانی!** هەرچی مرۆڤ لەم دونیایە هەیە بە عەمەلی کۆك و یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە هەرچی مرۆڤ هەیە و ئەوەشی بووە و ئەوەشی دەبێت: هەر هەمووی مەبەستی دەستەبەرکردنی کامەرانی و خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و سەرفرازی خۆیەتی، لە هەمان کاتدا لادانی هەرچی تەنگ و چەڵەمەیی و نارِەحەتی و عەزابە لەسەر خۆی؟!

بەڵام لەوانەیە تێگەیشتنەکان بۆ مانا و مەبەست لە: کامەرانی و خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و سەرفرازی، جیاواز بێت کە کامەرانی لای ئەو لەوانەیە:

بە ناهەق خواردنی ماڵی خەڵك بگەیەنێت! ماڵی خەڵك کاولکردن بگەیەنێت! هەیە پێی مورتاح دەبێت!؟

چەوساندنەوەی هەژاران و خەڵکی ڕەش و ڕوت بگەیەنێت! هەیە کەیفی پێ دێت!؟

پلەوپایە و کورسی گرتنە دەست بگەیەنێت! هەیە ئەو کورسیە وەکو ئەو چێشتەی تۆ دەیخۆی ئاوها لەززەتی لێدەبینێت! هەربۆیە گەلێك جار کوێری دەکات و غەیرە کورسیەکەی نابینێت و ئامادەی هەر شتێك بکات لە پێناو مانەوەی!؟

ڕابواردن بگەیەنێت! داوێن پیسی و پڕکردنەوەی ئارەزوی جنسی بگەیەنێت! ئیتر هەرچۆنێك بێت! کێ بێت! لە کوێ بێت!

مەی خواردنەوە بگەیەنێت!

دژایەتیکردنی دینی ئیسلام بگەیەنێت! قسەکردن بە خوا سبحانە وتعالی! قسەکردن بە پەیامبەران و پیاوچاکان و زانایان و ساڵیحان و شوێنی دینکەوتوان بگەیەنێت! کە ئەمانەش گەلێك جار لە خودی خۆیدا مەبەست نین .. بەڵکو هۆکارن و بە هۆیانەوە و لەژێر ئەمەدا ئەو شتەکانی تر بەدەست دێن، یانی: دژایەتی ئیسلام و ڕەمزەکانی ناکات لەبەرئەوەی ئیسلام بە خراپ دەزانێت.. نا..

بەڵکو لەبەرئەوەی بەم دژایەتیکردنە شتی دەست دەکەوێت و لەڕێیـەوە حـەزەکانی جێبەجێ دەکات.

**لەبەرانبەر ئەوانەدا! هەشە بە پێچەوانەوە دەڕوانێتە واتای کامەرانی،** پێی وایە کامەرانی و خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و سەرفرازی مرۆڤ لە پێچەوانەی ئەوانەدایە، لە جوان بە جێگەیاندنی فەرمانەکانی خوای دانا و پەیامبەرە بە ڕەحمەکەیدایە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا حەزی مرۆڤەکان زۆرن.. بەڵام هەموو هەر یەکدەنگن کە هەرچی دەکەن، سەرفرازی بۆ خودی خۆیان تێدایە، یان هۆکارە بۆ گەیشتن بە: سەرفرازی.

جا خوای مەزن پێمان دەڵێت: ئەوە بکەن کە من پێتان دەڵێم: لە دونیادا سەرفراز دەبن، پاشان لە ئاخیرەتیشدا: کامەرانی و خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و سەرفرازی هەقیقیتان بۆ هەیە، کە بریتیە لە بەهەشت.

هەرگیز سەرفرازی لەوەدا نیە کە پێچەوانەی شەریعەتەکەی منە، سەرفرازی تەنها لەوەدایە کە من فەرمانم پێکردوە.

کەواتە ئەی ئەو کەسەی کە سنورەکانی خوای باڵادەست دەشکێنی، لەبەر خاتری ئەوەی سەرفراز ببی و ئاسودەیی خۆتی تێدا ببینیوە، پێشکەوە و پەشیمان

بەوە و تەوبە بکە، دڵنیابە ئاسودەیی هەقیقی لە بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی خوای کارساز و پەیامبەری ئازیزدایە، پاشانیش لەوەودوا مەزنترین بردنەوە و سەرفرازیت بۆ هەیە کە بەهەشتە.

## پێنجەم: هۆکارێکە بۆ خوشگوزەرانی و چاکبونی باری ژیان و داباریینی باران و زیاتر بە هێز و قوەتبوون و زۆربوونی ماڵ ومناڵ:

خوای مەزن ئەفەرموێ: ﴿وَأَنِ ٱسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَـٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَيُؤْتِ كُلَّ ذِى فَضْلٍ فَضْلَهُۥ ۖ وَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ كَبِيرٍ ۝٣﴾ [ هود: ٣].

واتە: ((هەروەها داوای لێخۆشبون لە پەروەردگارتان بکەن و پەشیمان بنەوە لە خراپە و تەوبە بکەن، کە ئەوەتان کرد: دڵنیا بن خۆشگوزەرانتان دەکات تا خۆی ویستی لێیەتی، و لە فەزل و بەخششی خۆی بەشی هەرچی خاوەن فەزڵ و بەخششە دەدات، خۆ ئەگەریش پشت هەڵبکەن، ئەوا بەڕاستی ترسی ئەوەم لێتان هەیە سزایەکی توند یەختان پێبگرێت)).

هەروەها خوای نەرمونیان و میهرەبان لەسەر زوبانی هودەوە علیه السلام دەفەرموێ ﴿وَيَـٰقَوْمِ ٱسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيْهِ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا

﴿وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ وَلَا تَتَوَلَّوْا مُجْرِمِينَ ۝٥٢﴾[هود:٥٢]، واتە: ئەی قەومەکەم! داوای لێخۆشبون لە پەروەردگارتان بکەن و پاشان تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای، کە ئەوەتانەکرد:

- بارانی بەلێزمە و پڕخێرتان بۆ دەبارێنێ.

- بازوتان بەهێز دەکات، هێز و دەسەلاتتان پێدەبەخشێت زیاتر لە ئەو هێز و دەسەلاتەی هەتانە.

هەروەها لەسەر زوبانی نوحەوە علیه السلام بۆمان باس دەکات کە بە گەلەکەی خۆی وتوە: ﴿فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا ۝١٠ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ۝١١ وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَارًا ۝١٢﴾ [نوح:١٠-١٢].

واتە: پێیانم ڕاگەیاند کە داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن، بەڕاستی ئەو خوایەکی زۆر لێخۆشبووە، کە ئەوەشتان کرد:

- بارانی بە لێزمە و ڕەحمەتتان بۆ دەبارێنێت

- ماڵ و سامانتان پێ دەبەخشێت.

- منالتان پێ کەرەم دەکات.

- باخ و باخاتتان پێدەخشێت، زەویتان بۆ سەوز دەکات.

- ڕوبارتان بۆ بەدی دێنێت.

بەڵێ خۆشەویستان.. بەڕاستی تەوبەکردن شتی زۆر سەیر و سەمەرە بۆ تەوبەکارەکە بەدی دێنێت، پلەوپایە و مەقامی وای بۆ بەدینێت کە بەبێ تەوبەکردن بەدی نایەت، وەکو: خۆشویستنی خوا، دڵنەرمی و نەرم و نیانی، شوکرانەبژێری، ستایشی خواکردن، لەخوا ڕازیبوون.. هەورها باران بارین، بەخشینی ماڵ و سامان، پێ کەرەمکردنی وەچە و منداڵ، باخ و باخات، هەڵقوڵانی ڕوبارەکان. جا ئەوەندە ناز و نیعمەتی بە دواوەیە، کە هەمیشە لە دوای تەوبەکردنەکەی لە نێو بەرەکەت و ئاسەوارە شیرینەکانیدا دەحەوێتەوە، خوای مەزن من و ئێوەشی لێبێبەش نەکات.

سەیریشت لێنەیەت ئەوە خوای مەزنە هەرچی ویستی لێبێت بە حیکمەت و کارجوانی خۆی ئەنجامی دەدات.

## شەشەم: هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی تاوانەکان، نەك هەر سڕینەوەیان بە تەنها بەڵکو دەشیگۆڕێت بە خێر و حەسەنات:

خوای پایە بەرز دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةٗ نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمۡ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيُدۡخِلَكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾ [التحريم:٨]، واتە: ((ئەی ئەوانەی

باوەڕتان هێناوە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خوا، بە گەڕانەوەیەگی پاك و پوختەوە، بەشکو پەروەردگارتان بە هۆیەوە لە گوناهەکانتان خۆش ببیٚ و بیسڕێتەوە و بتان خاتە ناو بە هەشتانێکەوە کە ڕوبار بە ژێریاندا دەڕوات)). کەواتە ئەوەی ئەیەوێت خوا گوناهەکانی بسڕێتەوە با تەوبە بکات.

هەروەها ئەفەرمویٚ﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ﴾[طـه:٢]

واتە: ((بەڕاستی من لێبوردەم لە ئاست ئەو کەسەی کە تەوبە بکات و باوەڕ بێنێت و کردەوەی چاك ئەنجام بدات و پاشان شوێن پێی پەیامبەری خوا هەڵبگرێت و بەردەوام بێت تا مردن، ئەوا سەرجەم تاوانەکانی بۆ دەسڕمەوە)).

دە ئەی ئەوەی ئەتەویٚ خوا لە گوناهەکانت خۆش بێت تەوبە بکە و بگەڕێوە بۆلای خوای مەزن.

هەروەها خوای غەفور و ڕەحیم دەفەرمویٚ: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾[الزمر:٥٣]. واتە: ((ئەی موحەممەد! بڵیٚ: خوا دەفەرمویٚ: ئەی ئەو بەندانەم! کە تاوان و هەڵەی زۆرتان ئەنجام داوە، توشی نائومێدی مەبن لە ڕەحمەت و بەزەیی خوا و بڵێن: تاوانەکانمان زۆرە، نەخێر.. هەرگیز نائومێد مەبن، چونکە پەروەردگارتان زۆر لێخۆشبو و لێبوردە و نەرم و نیانە، بزانن کەوا ئەو: لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت، هەرچی تاوانی

گەورە و بچوك هەیە لە هەمووی خۆش دەبێت، بێگومان ئەو خودایە غەفور و ڕەحیمە)).

هەروەها پەروەردگاری پاك و بێگەرد دەفەرموێ: ﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمۡ حَسَنَٰتٖۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ [الفرقان:٧٠].

واتە: -دوای ئەوەی خوای مەزن باسی سیفاتی ((عباد الرحمن-بەندەکانی خۆی)) دەکات، کە لە سیفاتیان ئەوەیە: شیرك بۆ خوا قەرار نادەن، کەس بە ناهەق ناکوژن، زینا ناکەن.. پاشانیش هەڕەشەی توند لەوانە دەکات کە ئەو کارانە ئەنجام دەدەن و پاشان ئەفەرموێ- ئەوانە نەبێت کە پەشیمان دەبنەوە و تەوبە دەکەن و ئیمان دێنن و کارو کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، **ئا ئەوانە خوا خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێت بە چاکە**، خواش هەمیشە لێخۆشبو و میهرەبانە.

الله أکبر .. تەماشای ڕەحمەت فراوانی پەروەردگار بکەن:

نەك هەر لێت خۆش دەبێت!

نەك هەر دەیسڕێتەوە!

نەك هەر قەڵەم بە خراپەکانتدا دێنێت!

نا .. بەڵکو دەشی گۆڕێت بە چاکە و پلە بەرزی ..!

فَسُبْحَانَك ربَّنا! ما أَعْظَمَك.. سُبْحَانَك رَبَّنا! ما أَكْرَمَك.. سُبْحَانَك ما أَحْلَمَك.. سُبْحَانَك ما أَرْأفَك.. فَسُبحَانك مَا عَظمْناك حَقَّ تَعْظِيمك.. سُبْحَانَك ما قَدرْناك حَقَّ قَدرك.. سُبْحَانَك ما شَكَرناك حَقَّ شُكْرك.. سُبْحَانَك وبِحَمْدك ما عَبَدْناك حَّق عِبَادَتك.. نُقِرُّ بِذُنوُبِنا وَإِحْسَانِك لَنا وَعَفوِكَ عَنَّا.. فَلَكَ الحَمْدُ عَلى حِلْمِك بَعْد عِلْمِك وعَلى عَفوِك بَعْد قُدْرَتِك.. ولَكِنَّنا نَسْأَلُكَ أَنْ تُعَامِلْنَا بِعفوِك، وأَنْ تَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وتَقْصِيرَنا، فَإِنَّك تُحِبّ العَفْو وَالمَغْفِرَة، وَأَنْتَ عَفُوٌّ غَفُور.

ئەمانە هەندێك بوون لە فەزڵەكانی تەوبەكردن، نهێنیە مەزنەكانی تەوبەكردن، سودە زۆرەكانی تەوبەكردن، بەرهەمەكانی تەوبەكردن، كە پاڵنەرن بۆ تەوبەكردن و پەشیمان بوونەوە و گەڕانەوە.

**برای ئازیزم .. خوشكی هێژام**، هەموو ئەم فەزڵانە -و جگە لەمانەش زۆرن- ئەوە ناهێنن لە پێناویاندا پەشیمان بیتەوە و تەوبە بكەیت؟ ئەمە سەرفرازی تۆی تێدایە؟ بۆ ستەم لە نەفسی خۆت دەكەیت و بەردەوامی لەسەرپێچی كردن!؟ بۆ مەحرومی دەكەی لە نزیكبونەوە لە خوا و خوا ڕازیكردن؟

دەیان ڕێگە كە ئەشتزانی هەڵیە، خراپە، بەڵام ئەتوت: با تاقیبكەمەوە بزانم چۆنە..

دەی ئەم ڕێگا ڕاستەش تاقی بکەرەوە، -سوێند بەو خوا مەزنەی کە بەڵێنی داوە هەرکەس پشتی لێبکات ژیانی لێ تەنگ بکات- دڵنیابە کە ئەگەر بە دڵێکی پاکەوە بگەڕێیتەوە و ئەو ڕێگا ڕاستە بدۆزیتەوە و لەو ڕێگەیەشەوە بە تام و چێژی عیبادەت ئاشنا ببی.. هەرگیز پشتی لێناکەی..

شیاوترە بۆ تۆ دەست پێشخەری بکەی بۆ کارێك کە ئەوە فەزڵەکەیەتی.. ئەوە بەرهەمەکەیەتی!

# چۆن تەوبە بکەم؟

**برای خۆشەویستم، خوشکی بەڕێزم**

وەکو بتەوێ پێم بڵێی: بەڵێ، نەفسم ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگارەکەی، ئەیەوێ پەشیمان بێتەوە لە خراپییەکەی، نەفسم دڵنیا بووە لەوەی سەرفرازی لە شوێن کەوتنی هەواو ئارەزووەکان و ئەنجامدانی کارە حەرامەکاندا نیە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نازانم چۆن توبە بکەم؟ لە کوێوە یەکەم هەنگاو بنێم؟

**منیش ئەڵێم:** خوای مەزن چاکەی بۆ هەر بەندەیەکی خۆی بوێت، هۆکارەکانی بەدەستهێنانی بۆ ئاسان دەکات و یارمەتی دەدات، جا منیش باسی هەندێك لەو شتانە دەکەم کە یارمەتیت دەدەن و هاوکاریت دەکەن لە بۆ تەوبە کردن و گەڕانەوە:

**یەکەم: ئیخلاص بوون بۆخوا، یانی ساغکردنەوەی نیەت، و پاککردنەوەی دڵ:**

بەڕاستی ئیخلاص بە سودترین دەرمانە نەك بۆ تەوبەکردن بەڵکو بۆ هەرچی دەرد هەیە، تەنانەت مەرجە لە هەرچی کار و کردەوەیەك ئەنجامی دەدەی هەبێت، وەگەرنا لێت وەرناگیرێت، هەر لە وتنی **لا إله إلا الله**وە هەتا لابردنی ئازارێك لەسەر

ڕێگا پێویستە ئیخلاص لە هەمویدا هەبێت، وەگەرنا دەرێتەوە بەسەر خاوەنەکەیدا، ماڵی خراپیش سەر بە صاحیبەکەیەتی.

بەڵێ ئەگەر مرۆڤ نیەتی بۆ خوا ساغبکاتەوە و دڵی پاکبکاتەوە و ڕاستبکات لە تەوبە کردنەکەی، ئەوە پەروەردگار یارمەتی دەدات و کارئاسانی بۆ دەکات، و هەموو ئەو بەربەست و ڕێگرانەی دێنە ڕێی تەوبەکردنەکەی بۆی ئاسان دەکات و لای دەبات، کارئاسانی وای بۆ دەکات بە خەیاڵیشیدا نەهاتبێت، چونکە هەر دڵێك کە تامی عیبادەتی چەشت، هیچ شتێك بە ئەندازەی ئەوە بەتامتر و بەچێژتر و خۆشتر و شیرینتر نیە لەلای.

مرۆڤیش هەرگیز واز لە مەحبوب «خۆشویستراو»ێك ناهێنێت ئیللا مەگەر بۆ یەکێکی لەو مەحبوبتر نەبێت.

خوای مەزنیش لە بارەی یوسفەوە علیه السلام دەفەرموێ : ﴿كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ﴾ [یوسف:٢٤].

واتە: ئا بەو شێوەیەمان کرد بۆ ئەوەی هەرچی تاوان و خراپەیە لێی بە دوورخەینەوە، بەڕاستی ئەو یوسفە لە بەندە ساغ و پاك و هەڵبژێراوەکانی ئێمە بوو.

بەڕاستی هەر کەس موخلیس و ساغ نەبێتەوە لە بۆ خوا، شەیتان دەبێتە فەرمانڕەوای دڵی، پڕی دەبێت لە خراپە و گەندەڵی.

هەربۆیە دەبینی مرۆڤ پێش ئەوەی خوا بناسێ و تامی ئیخلاصبوون بۆ خوا و عیبادەتکردن بچەشێت، شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزو زاڵترە بەسەریدا، بەڵام هەرکە تامی ئیمان و ئیخلاصی چەشت و دڵی بەهێز بوو، دەبینی ئەمجار دڵی زاڵدەبێت.

شەیخولئیسلام ئیبن تەیمیە -خوا بە ڕەحمەتیکا و پلەی بەرزکا لە بەهەشتی بەرینا- ئەفەرموێ: «مرۆڤ هەرکە موخلیص بوو بۆ خوا، خوا پاکی دەکاتەوە و هەڵیدەبژێرێت، دڵی زیندو دەکاتەوە و بۆلای خۆی ڕایدەکێشێ، لەهەر شتێکی تری دژ بەوە دووری دەخاتەوە. بە پێچەوانەی دڵێك کە بۆ خوا پاك نەبووبێتەوە، تێبینی دەکەی ئەم جۆرە دڵانە بە بەردەوامی خواست و ویست و خۆشەویستیەکی ڕەهای تێدایە، هەرچی دای بەلایدا دڵی بۆی دەڕوات، هەرچیش دڵی بۆی ڕۆشت دەستی پێوە دەگرێت، هەر وەکو چڵەدار چۆن هەر بایەك هەڵیکرد لەگەڵی دەکەوێت و باکە چۆنی بویێ ئاوها لاری دەکاتەوە، ئەمیش ئاوها، بۆیە جاری وا هەیە وێنە حەرام و غەیرە حەرامەکانیش دەیجوڵێنن، تا دەبێت بە ئەسیر و کۆیلەی.. جاری واش هەیە دەبینی ناوشۆرەت و کورسی و پلەوپایە ڕایدەکێشن، تەماشا دەکەی لە قسەی ئەمەکە تورە دەبێت، بەڵام قسەی ئەوەکەی تری پێ خۆشە، ئەوەی ستایشی بکات لە خۆی نزیکی دەکاتەوە ئەگەریش قسەکەی ناهەق بێت، ئەوەشی سەرزەنشتی

بکات دوژمنایەتی دەکات ئەگەریش قسەی هەقی کردبێت. هەندێك جاریش پارە و پوڵ سەر لە دڵ دەشێوێنن و وای لێدەکەن بیپەرستن..، جا هەر کەسێك بە خالصی بۆ خوا نەسوڵحێت و نەبێت بە بەندەی، دڵی بە تەنها ئەو خوا بێ شەریك و هاوتایە نەپەرستێت، بە شێوەیەك کە خوا خۆشەویستتر بێت لە لای لە هەرشتێکی تر و زەلیل و گەردن کەچ بێت بۆی، وەگەرنا هەموو دونیا کردویەتی بە بەندەی خۆی و شەیتانەکان زاڵبوون بەسەریدا.. هەمووی کردویەتی بە بەندەی خۆی، جا دڵ ئەگەر پاك نەبێت و بە تەنها ڕوو لەخوا نەبێت و ڕووی لە هەرچی شتی ترە وەرنەگێڕابێت ئەوە هاوبەش پیاردەرە)).

هەروەها ئیبن قەییمی مامۆستامان و قوتابی ئەزیزی شەیخولئیسلام - ڕەحمەتی خوا لە مامۆستاکە و قوتابییەکەش- ئەفەرموێ: (( ئیمانداری موخلیص، لە خۆشترین گوزەراندایە، لە باشترین حاڵ و بارداپە، لە گوشادترین سینگدایە، لە ئاسودەترین دڵدایە، ئەمەش بەڕاستی بەهەشتێکی پێش وەختە پێش بەهەشتە پاش وەختەکە کە بەهەشتی ئەبەدیە))

دووەم: موحاسەبەکردنی نەفس:

چونکە موحاسەبەی نەفس هاندەرە بۆ پەلەکردن بۆ کاری خێر، هاوکارە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تاوان، یارمەتیدەرە بۆ گەیشتنە ئەوەی لەدەست چووە، پلەیەکە

مرۆڤ وا لێدەکات بزانێت چی بۆ هەیە و چی لەسەرە. هاویاری مرۆڤە بۆ تەوبەکردن و بەردەوام بوون لەسەر تەوبەکردنەکەی.

یادی نەفسی خۆت بخەرەوە و ئامۆژگاری بکە و سەرزەنشتی بکە و بیترسێنە: پێی بڵێ: ئەی نەفس! بگەڕێوە پێش ئەوەی بمری؛ چونکە مردن لە ناکاو دێ، مردنی ئەم و ئەوی یاد بهێنەوە.. نازانی مردن مەوعیدی تۆیە؟! گۆڕ ماڵی تۆیە؟! خۆڵ فەرشی ژێرتە؟! کرمەکانی زەوی دەبنە ئاشنات؟! ناترسی فریشتەی گیانکێشان یەخەت پێبگرێ و تۆش لەسەر تاوانکردن بەردەوامی -پەنا بەخوا-؟! لەوکاتەدا پەشیمانی دادت ئەدات؟! گریان و دڵتەنگیت لێوەردەگیرێ؟؟! تیابچیت ئەی نەفس پشت لە ئاخیرەت دەکەیت لە کاتێکدا ئەو ڕوی لە تۆیە و بەرەو تۆ دێت؟! ڕوو لە دونیا دەکەیت لە کاتێکدا ئەو پشتی لە تۆیە؟!

ئا بەو شێوەیە بە بەردەوامی موحاسەبەی خۆت بکە و سەرزەنشتی بکە و گلەیی لێبکە و یادی بهێنەوە تا لەخوا دەترسێ و دەگەڕێتەوە بۆلای و تەوبە دەکات -خوای مەزن تەوبەی ڕاستەقینە بە من و تۆش ببەخشێت-.

### سێیەم: خۆت لەو شوێنانە دووربخەرەوە کە تاوانی تێدا ئەنجام دەدرێت:

وازهێنان لەو جێگایەی پێشتر تاوانت تێدا ئەنجامداوە یارمەتیت دەدات بۆ تەوبەکردن، هەربۆیە دەبینیت ئەو پیاوەی کە نەوەد و نۆ کەسی کوشتبوو، کاتێك

ویستی تەوبە بکات و ڕۆیشت بۆلای زاناکە و پرسیاری لێکرد، زاناکە پێی ووت: ((میللەتەکەت میللەتێکی خراپن، جا لە لە فلاّنە شوێندا جێگایەکی ئاوها و ئاوها هەیە خەڵکێکی خوا پەرستن، بڕۆ بۆلایان و لەگەڵ ئەواندا خوا پەرستی بکە)) .

**چوارەم: واز لە برادەری خراپ بهێنە:**

چونکە تەبیعەتت شت لەوان دەدزێت، بشزانە ئەوان دەستبەردارت نابن و وازت لێناهێنن، بەتایبەت ئەوان شەیتانیان لەپشتەوەیە، زۆر بە توندی و گەرمی هانیان دەدەن لە بۆ خراپەکاری و تاوان، پاڵیان پێوە دەنێن و ڕایان دەکێشن و پەلە کێشیان دەکەن، ئاوها بەدبەختن بە دەست شەیتانەکانەوە -وەك خوای زانا لە قورئاندا باسی لێوە کردوە-.

هەروەها ئەگەر توانیت ژمارە مۆبایلەکەت بگۆڕی بیگۆڕە، ئەگەر توانیت ناونیشانی ماڵەکەت بگۆڕی بیگۆڕە، تەنانەت -ئەگەر توانیت- ئەو ڕێگایەش بگۆڕی کە پێشتر پێیدا هاتوچۆت دەکرد، زۆر چاکە..، کە وات کرد دڵنیابە پشت بەخوا ڕزگارت دەبێت لە شەیتانە مرۆییەکان.

چیرۆکێکت بۆ دیگێڕمەوە بە هیوای پەند لێوەرگرتنی[٣]:

---

[٣] خالد ڕاشد لە شریتی ((أحوال الغارقین))دا باسی دەکات، ئەڵێ: پێم گەیشتوە...

گەنجێك تەوبە دەكات و ڕێگای ڕاست دەگرێتە بەر، دەست دەكات بە نوێژكردن، ڕۆژوی سوننەتگرتن، تەنانەت دەست دەكات بە لەبەركردنی قورئان.. كە خۆی ئەبینیٚ لەم ژیانە پڕ تام و چێژە، لەم دونیا پڕ خۆشیە، هەندێك برادەری پێشوی خۆی بیر كەوتەوە كە هێشتا لە گێژاوی بیٚ ئاگایی و دونیای ئارەزوو بازیدا دەتلێنەوە، حەزی كرد لەوەی خۆی پێی گەیشتووە بەهرەمەندیان بكات، ئەوانیش سواری ئەم كەشتیە ڕزگاركەرە بن، ئەوانیش بێنە ڕیزی تۆبەكارانەوە. ڕۆیشت سەردانی كردن، بەس شەللا نەڕۆشتایە..

ئەمەش ئامۆژگاریمانە بۆ هەموو ئەوانەی تازە تەوبەیان كردوە، تازە ئیلتیزامیان وەرگرتووە، با هەرگیز بە تەنها سەردانی هاوڕیٚ خراپە كۆنەكانی خۆیان نەكەن، بایەكێك ببەن لەگەڵ خۆیان كە هاوكاریان بیٚ و كار ئاسانیان بۆ بكا، نەوەك تیا بچن، چونكە زۆری لە زیرەكی ئەباتەوە.

سەردانی كردن بە مەبەستی هیدایەتدانیان، بەڵام ئەم هاوڕیٚ خراپانە، دەستیان كردە هێرشكردن، هەر كەسە و تیرێكی تێدەگرت، تەعلیقیان لێدەدا و ئەوسایان بیر دەهێنایەوە، فلانە ڕۆژ و فیسانە ڕۆژت لە بیر نایە؟! ئاوها و ئاوهات لەگەڵمان نەكرد...؟! بە دەنگی بەرز و بە قاقا پێدەكەنین، ئەویش لایان هەستا، بەڵام دوای چی؟! ئەوەی هەندێك شتیان لە دەرونیا دروستكرد، دیسانەوە كێشمەكێشی دەرونی لە ناخیەوە دەستی پێكرد.

دوای چەند ڕۆژێك هاتن بۆلای و وتیان: ئەمانەوێ سەفەرێك بكەین بۆ ئەم نزیكانە بە مەبەستی كڕینی ئۆتۆمبیلێك، جا حەز ئەكەین یەكێكمان لەگەڵ بێت خوامان یاد بخاتەوە و پێش نوێژیمان بۆ بكات و فێری قەصر و جەمعمان بكات.

ببینە شەیتان و دار و دەستەكەی چۆن ئەیەوێت لە دەرگای خێرەوە توشی شەڕت بكات؟!

ئەوەبوو شەیتان سەفەركردنی لاخۆش و جوان كردەوە، بۆیە ڕازی بوو، بەڵام شەڵلا ڕازی نەبوایە، هەزار خۆزگە ڕازی نەبوایە..

ئەو شوێنەی ئەوان بۆی چون بە ئاشكرا سەرپێچی خوای مەزنی تێدا ئەكرا، لەوێ ئوتێلێكی خۆشیان بە كرێ گرت و وتیان تۆ لێرە بمێنەوە و خۆیان ڕۆیشتن دەستیان كرد بە پیلان گێڕان كەوا چۆن بیگێڕنەوە بۆ ڕێگای گەندەڵی و چەوتی و سەرپێچی خۆیان.

ئەو شەوەیان لە نێو گۆرانی و عارەق خواردن و ئافرەتی داوێن پیسدا بردە سەر، ئەو هەژارەش لەوێ چاوەڕێی دەكردن.

ڕۆیشتن لەگەڵ یەكێك لەو داوێن پیسانەدا ڕێككەوتن لەسەر هەرچیەك دەیەوێت، پارەی چەند بار پێدەدەن، بەس بتوانێت ئەو هاوڕێیەیان لە خشتە بەرێت و كاری خراپەی لەگەڵدا بكات.

الله أكبر.. ئەو ڕۆیشت هیدایەتیان بدات ڕێی خوایان نیشان بدات، بەڵام ئەمان نەخێر، ئەیانەوێ ئەوەی بەسەر بهێنن.. سەری لە زینا کردنەوە دەربکەن، تەنانەت ماڵی خۆشیان لەو پێناوەدا دەبەخشن، بڕوانە هاوڕێی خراپ چۆنە!؟ بردیان بۆلای، ئەویش کاسێتێك گۆرانی و عارەقی لەگەڵ خۆی برد.

جا عارەقیش عەقڵ ناهێلێ، گۆرانیش بەریدی زینایە.

هەردوولا تەنیا کەوتن. هیچ کوڕ و کچێکیش تەنیا ناکەون مەگەر شەیتان سێیەمیانە.

بەردەوام هەر فریوی دەدا، هەتا پەرداخێك عارەقی بەخۆردا، پاشان یەکێکی تر و پاشان یەکێکی تریش، پاشان حەرامەکەش ڕویدا و زینای لەگەڵ کرد -خوا پەنابدات-.

بە چەند ساتێکی کەم ئەو بینایەی کە ماوەیەکە شەکەت بووە تا دروستی کردوە، بەڵام بەدەستی خۆی ڕوخانی.

پاشان خەوتن.. هەر بەو حاڵە و بەو سەرخۆشیەوە -خوا پەنابدات-.

کە بەیانی بوویەوە شەیتانە مرۆییەکان -هاوڕێ خراپەکانی- زوو هاتن و دایان لە دەرگا. قاقای پێکەنینیشیان ئەو ناوەی داگرتبوو.

ئەو داوێن پیسە زیناکارە دەرگاکەی بۆ کردنەوە.

وتیان: ها چیتکرد ؟! دەنگوباس؟! مژدەی چیت پێیە ؟!!

ئەویش وتی: مژدەتان لێبیت، هەموو شتێکی کرد، عارەقی خوارد، پاشان زینای کرد و پاشان خەوت .. ئەوەتا بە ڕوتی لە نێو جێگاکەی خەوتوە.

ئەوانیش ڕۆیشتن بۆلای بە پێکەنین و تانە و تەعلیق وەشاندنەوە، بۆ ئەوەی بیداری بکەنەوە لە جێگاکەی خۆی.

بیداریان کردەوە.. فلان کەس .. فلان کەس ..؟؟!

وەڵامی نەدایەوە..!

دیسانەوە بانگیان لێکردەوە.. فلان کەس.. فلان کەس..!

ئەم لایان پێکرد .. ئەو لایان پێکرد .. هەڵیان گەڕانەوە .. نەخێر سودی نییە و وەڵام ناداتەوە...

تەماشای ئەم موسیبەتە بکە..:

عارەقی خواردوە و زینای کردوە و خەوتوە و هەر ئەو شەوە مردوە لەسەر جێگەکەی.. إِنَّا لِله وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُون..

ئەمانە چ برادەرێکن.. بۆ مەگەر نەڕۆیشت هیدایەتیان بدات..؟!

هەر بۆیە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وآله وسلم دەفەرمویێت: ((الْمَرْأُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ؛ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ))[٤].

واتە: مرۆڤ لەسەر دینی هاوڕێکەیەتی، جا بۆیە ووریا بن بزانن هاوڕێییەتی کێ دەکەن.

کە ئەڵێم برادەری خراپ هەموان بیریان بۆ ئەو هاوڕێ و برادەرانە ئەڕوات کە بەرەو عارەق خواردن و جگەرە کێشان و مادە هۆشبەرەکان و داوێن پیسی و باقی تاوانە مەعروفەکانی تر مرۆڤ ڕادەکێشن.

بەڵێ بێگومان ئەمانە برداەری خراپن و زۆریش خراپن و سەری موسڵمان لەو موسیبەتە گەورانەوە دەردەکەن، بەڵام برادەری خراپتر هەیە وەکو ئەمان بەڵکو -بەخوا- لەمانە خراپتریشن، ئەوانەش بریتین لەو کەسانەی کە بیر و بۆچوون و عەقیدەیان گەنیوە، پڕ مێشکیان لە شوبهەیە.

---

[٤] رواه أحمد و الحاكم أبو داود والترمذي وحسنه وصححه الحاكم و الذهبي و النووي، وجود إسناده شعيب الأرناؤوط وحسنه الألباني.

جا ئەصڵی کردنی تاوان یان شوبهە و بیروبۆچونە یان شەهوەت و هەوا و ئارەزوە، جا ئەوەیان کە لەبەر شوبهە و عەقیدەیە زۆر خراپترە لەوەیان کە لەسەر شەهوەت و هەوا و ئارەزوە، تەنانەت کەمتر ئومێدی تەوبەکردنی لێدەکرێت، درەنگتر و گرانتریش تەوبە دەکات. هەر بۆیە ئەبێت زۆرتر خۆپارێزی لە کۆمەڵی یەکەمیان بکرێت تا کۆمەڵی دووەمیان، ئەمەش بەبێ بەکەم تەماشاکردنی کۆمەڵی دووەم، چونکە دووەمیشیان بەریدی یەکەمیانە.

## پێنجەم: بیر لە عاقیبەت و زەرەر و زیانی تاوانەکان بکەرەوە:

چونکە ئەگەر مرۆڤ زانی تاوانەکان عاقیبەتیان خراپە و داهاتوویان ڕەشە، سزاکەی لە بۆسەدایە و چاوەڕێیەتی، وای لێدەکات پێش هەموو شتێك واز لە تاوانکردن بهێنێت و تەوبە بکات لە تاوانەکان.

تاوان و سەرپێچی زەرەر و زیانەکانیان زۆر زۆر گەورەیە، سزاکانی هەمەجۆرە، ئیتر چی لە دونیا بێت یان لە دوارۆژ، لەسەر ئاستی تاکەکان بێت یان لەسەر کۆمەڵگاکان، لەوانە، زۆر بە کورتی:

١. مەحروم بوون لە زانستی شەرعی.

٢. مەحروم بوون لە ڕزق و ڕۆزی و کار و کەسابەت.

٣. نەمانی بەرەکەت. بەرەکەتی رزق و ڕۆزی، بەرەکەتی زانست، بەرەکەتی تەمەن.. هتد.

٤. بەر لەعنەتکەوتنی لە لایەن ئاژەڵانەوە.

٥. ئەو دڵتەنگی و بێ تاقەتیەی کە سەر دڵی دادەگرێت چ لە نێوان خۆیی و خەڵك بێت؟ یان لە نێوان خۆیی و خوای مەزن.

٦. ڕەشبوونی دڵ.

٧. تاریکی دڵ.

٨. تەسکی و تەنگی دڵ.

٩. خەمباری دڵ.

١٠. ئێش و ئازاری دڵ.

١١. دڵەڕاوکێ.

١٢. گرانبوونی کار و بارەکان لەسەری.

١٣. ڕەش هەڵگەڕانی دەم و چاو.

١٤. مەحروم بوون لە تاعەت و عیبادەت، کە پێئەچێت بەهۆی تاوانێکەوە، دەیان کاری خێرت لە دەست بچێت، هەروەك چۆن بەهۆی تاوانێکەوە کار و کەسابەت و خێرێکی زۆرت لەدەست دەردەچێت.

١٥.تەمەن کورتی.

١٦.کەم سەرکەوتن، کەمجار سەرکەوتو دەبێت لە کارو بارەکانیدا.

١٧.گیرانەبونی دوعا.

١٨.نەمانی بەخششی خوایی و ناز و نیعمەت.

١٩.نقوم بون لە تورەیی خەشم و نیقمەت.

٢٠. لە شومی و غەڕی تاوان ئەوەیە: تاوانی تر بە دوای خۆیدا دێنێت.

٢١. کزبونەوەی چرای تەوبە.

٢٢. ڕاهاتن لەسەر تاوانکردن.

٢٣. غیرەت لە دڵدا کز دەکات تا وای لێدەکات بە تەواوەتی دەیمرێنێت.

٢٤. شەرم و حەیا لە ئینساندا کز دەکات تا وای لێدەکات دەبێتە پێشەوا لە بێشەرمی و بێحەیاییدا.

٢٥. تاوانکردن وا دەکات پەروەردگار بە کەم و سوك تەماشای بکات -خوای مەزن پەنا بدات-.

٢٦. گەورە ڕاگرتنی پەروەردگاری پایەبەرز لە دڵدا لاواز دەکات.

٢٧. بەردەوام بوون لەسەر تاوان کردن وا دەکات خوای مەزن سبحانه وتعالى بەندەکەی لەبیر بکات و بیداتە دەستی نەفسی خۆیی و شەیتانەوە، -پەنا بە پەروەردگاری مەزن-.

٢٨. لە زیانەکانی تاوانکردن ئەوەیە: زەرەرەکەی هەندێك جار سەردەکێشێ بۆ دەوروبەر.

٢٩. لاوازکردنی بیر و هۆش و عەقڵ.

٣٠. مۆردانە سەر دڵ.

٣١. ترس و بیم دڵ دادەگرێت، ئەو ئەمان و دڵنیاییەی ئەوسای نامێنێت.

٣٢. تاوانکردن مرۆڤ بێ ڕێز دەکات دوای ئەوەی بەڕێز و شکۆ بووە.

٣٣. ئاخر شەڕی.

٣٤. سزای دوارۆژ.

٣٥. دوای ئەوەی بەندەی خوا بووە دەبێتە بەندەی هەزارەها شەیتانی مرۆیی و جنۆکەیی، هەزارەها هەوا و ئارەزوی بێکەڵك.

٣٦. هەروەها لە زیانەکانی تری تاوانکردن: لە دەستچونی بە نرخترین و گرانترین و بە بەهاترین شت کە ئەویش بریتیە لە: کات، کە هەرگیز و بە هیچ شتێك تەعویز ناکرێتەوە و بۆی ناگەڕێتەوە.

بە کورتی زیانە پیسەکانی تاوانکردن لەوە زۆرتن کە کورتهەڵبهێنرێن و حەصر بکرێن. هەروەکو چۆن سودە چاکەکانی تاعەت و عیبادەتکردن لەوە زۆرتن کە کورتهەڵبهێنرێن و حەصر بکرێن، بە کورتتر: هەرچی خێری دونیاو ئاخیرەت هەیە لە تاعەت و عیبادەتکردن دایە، هەرچی شەڕ و خراپەی دونیا و ئاخیرەتیشدایە لە تاوان و سەرپێچیکردنی خوادایە.

**شەشەم: زۆربیر بکەرەوە لە بەهەشت و دۆزەخ:**

بیری گەورەیی بەهەشت و ئەو ناز و نیعمەتەی بهێنەوە کە خوای بەخشندە تێیدا ئامادەی کردووە بۆ گوێڕایەڵی کاران، هەروەها بیری جەهەننەم و ئەو سزا و ئێش و ئازارانەی بهێنەوە کە تێیدا ئامادەکراوە بۆ سەرپێچی کەران. ئاوها هەمیشە لە نێوان ئومێد و ترسدا بژی تا خوای پەروەردگار لە بەهەشتەکەی خۆی بەهرەمەندت دەکات.

**حەوتەم: خۆت سەرقاڵکە بە کارێکی سوودبەخش و لە تەنیایی و دەست بەتاڵی دووربکەوە:**

چونکە نەفس ئەگەر سەرقاڵی نەکەی بە گوێڕایەڵیەوە سەرقاڵت دەکات بە سەرپێچیەوە.

بەتاڵی و بێکاری سەردەکێشیٚ بۆ هەڵدێر و لەڕێلادان و مودمین (مُدمِن) بوون، هەروەها سەردەکێشیٚ بۆ هاوڕێیەتی کردنی خەڵکانی بیٚ کەڵك و خراپ.

هەر لە کۆنیشەوە وتراوە: کات وەکو شمشێر وایە گەر نەیبڕی دەتبڕێت.

## هەشتەم: بە گوێی هەواو ئارەزوت مەکە:

هیچ شتێك نیە بە ئەندازەی هەوا و ئارەزوو مەترسیان بۆ سەر مرۆڤ هەبێت.

بەڵیٚ! هیچ شتێك نیە بە ئەندازەی هەوا و ئارەزوو مەترسیان بۆ سەر مرۆڤ هەبێت. هەربۆیە دەبینیت خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾ [الفرقان:٤٣]، جا هەرکەسێك دەیەویٚ تەوبەیەکی نەصوح بکات، دەبێت خۆی لە شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزو دابڕێت، ئەبێت پیٚ بەپێی شەرع هەنگا و بنێت. ئەڵێن: بۆیە بە هەوا و ئارەزو وتراوە هەوا، چونکە خاوەنەکەی هەوا ئەداتە نێو دۆزەخەوە -خوا پەنا بدات-.

## نۆیەم: دوعاکردن:

ئەمەشیان لە بەسودترین هۆکارەکان و ئاسانترین دەرمانەکانە، دوعاکردن دوژمنی بەلاَّ و موصیبەتە، بەرەنگاری دەبێتەوە، چارەسەری دەکات، سوکی دەکاتەوە، نایهێلێت.

هەمیشە دوعا بکە خوای مەزن تەوبەیەکی نەصوح و ساغ و ڕاستەقینەت پێ ببەخشێ.

هەرچی پەیامبەرە دوعای کردوە خوا تەوبەی لێ قبوڵ بکات، ئەوە دووەم گەورەی پەیامبەرانە ئیبراهیم علیه السلام دەفەرمویێت: ﴿ رَبَّنَا وَٱجۡعَلۡنَا مُسۡلِمَيۡنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةٗ مُّسۡلِمَةٗ لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبۡ عَلَيۡنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١٢٨ ﴾[البقرة:١٢٨]. ئەوەش سەرداری هەموویان موحەممەدە صلى الله عليه وآله وسلم دەفەرمویێت: ((رَبِّ اغْفِرْ لِي وتُبْ عَلَيَّ إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَابُ الرَّحِيم)). بەڵكو زیكری سەرجەم بەندە ساڵحەکانی خوای مەزن بریتی بووە لە: ﴿ رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ١٦ ﴾ [آل عمران:١٦].

بەڕاستی هەقە لەسەر ئەو کەسەی ئەیەوێت بەڕاستی تەوبە بکات و بگەڕێتەوە، دوعا زۆر بکات و زۆر بپاڕێتەوە کە خوای تەوبەوەرگر لێی خۆش بێت

و تەوبەکەی لێوەربگرێت، بە دوای ئەو کات و سات و حاڵەتانەدا بگەڕێت کە ئومێدی وەڵامدانەوەی دوعای تیا دەکرێت.

وەکو دوعاکردن لە کۆتایی شەو و کاتی سەحەر، لە سوجدەدا، لە نێوان بانگ و قامەتدا و ..هتد.

ئیبنولجەوزی دەڵێت: ((ئەی تاوانبار! لەبەر دەرگای غەففار ڕاوەستە، ئەو کاتەی هەمووی نوستە، بە زمانی پۆزشەوە بیڵێ ئەوەی لە هەستتە[٥]، سەرت داخە، دوعا لە دوای دوعا بکە، درێژی بکە، قەیناکا، بڵێ: ئەی پەروەردگارەکەم! ئەی بیسەر و بینای چون و هاتنەکەم! لە هەژاری و نەداری زیاترم نیە پێی لە دەرگات دەم؟ تا داوای ناز و بەخششی تۆی پێ بکەم؟ شەرمەزاری بەر دەرگاتم...)).

**دەیەم: هەروەها لەو شتانەی تر کە یارمەتیدەرن بۆ تەوبەکردن و گەڕانەوە:**

هیوا کورت بوون، یادی قیامەت کردن، تێفکران لە قورئان، شەرم و حەیاکردن، بیرکردنەوە لە سودەکانی خراپەنەکردن، نەزەرنەکردن، ئاگاداریکردنی بیر و هۆش و ختورە، چونکە سەرەتای هەرچی تاوانێك هەیە ختورە و

---

[٥] کە لە هەستت دایە، لە ناخت دایە.

بیرلێکردنەوەیە... لەگەڵ چەندین هۆکاری تر کە یارمەتیدەرن بۆ تەوبە کردن و بەردەوام بوون لەسەری.

# مەرجەکانی تەوبەکردن

**برای ئازیز و خوشکی بەڕێزم ..**

تەوبەکردن کۆمەڵێك مەرجی هەیە ئەبێت تێیدا بەدی بێت وەگەرنا ئەو تەوبەکردنە بە گەڕانەوەی هەقیقی هەژمار ناکرێت، جا بۆ ئەوەی تەوبەکەت لێ قبوڵ بکرێت سەرەتا ئەبێت ئەم سێ و چوار مەرجەی تێدا بێت:

**یەکەم: یەکسەر وازبهێنی لەو گوناهەی تەوبەی لێدەکەی:**

هیچ کەسێك وا نەزانێ تەوبەی کردوە و تەوبەکردنەکەی عەیبی نیە لە هەمان کاتیشدا بەردەوامە لە تاوانکردن، بەدەم ئەڵێ: **استغفرالله**، دەستی ئەڵێ: نە وەڵلا!

بەڵام ئەگەر هاتوو تەوبەی کرد و بەڕاستی وازیهێنا، سوریش بوو لەسەر ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێتەوە، هۆکارەکانیشی گرتە بەر بۆ دورکەوتنەوە، بەڵام دوای ماوەیەك دیسانەوە گەڕایەوە بۆ ئەنجامدانەوەی، ئایا تەوبەکەی دروستە؟!

لێرەدا زانایان خیلافیان هەیە، ڕای پەسەندیش لە مەسەلەکەدا ئەوەیە: ئەگەر کەسێك تاوانێکی ئەنجامدا پاشان تەوبەیەکی ڕاستەقینەی لێکرد، سوریش بوو لەسەر ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێتەوە، هۆکاریشی گرتە بەر بۆ دورکەوتنەوە..،

بەڵام نەفس و شەیتان و هەوا و ئارەزو زاڵبوونە سەری و جارێکی تر تاوانەکەیان پێکردەوە؛ ئەوا تەوبە پێشوەکەی قبوڵە -إن شاءالله- و بەتاڵ نابێتەوە، بەڵام بۆ ئەم تاوانەی کە تازە ئەنجامی داوەتەوە ئەبێت تەوبەیەکی تازە بکاتەوە -وەك چۆن لەوەوپێش تەوبەی کرد-، ئیتر ئا بەو شێوەیە کە دوای تاوان گەڕایەوە، دیسانەوە تەوبە دەکاتەوە، ئەمەش خاڵێکی گرنگە و ئاگاداریبە و دەستی پێوە بگرە و لە فێڵی شەیتان بە دوربکەوە.

**دووەم: پەشیمان بوونەوە لەو تاوانەی لێت وەشاوەتەوە و تەوبەت لێکردوە:**

بەڕاستی چاوەڕێی تەوبە ناکرێ مەگەر لە کەسێك پەشیمان بێت لەوەی ئەنجامی داوە، دڵتەنگ بێت بەوەی لێی وەشاوەتەوە، خەمباربێت بەوەی نەفسی خەڵەتاندی، شەیتان زەفەری پێ بردوە، شوێنی هەوا و ئارەزوی کەوتوە.

هەربۆیە کەسێك کە باسی تاوانە پێشوەکانی خۆی دەکات و فەخر و شانازی پێوە دەکات بە تۆبەکار و پەشیمان لە قەڵەم نادرێ، هەروەك پەیامبەر **صلى الله عليه وآله وسلم** ئەفەرموێ: ((**النَّدَمُ تَوْبَةٌ**))[٦] واتە: ((پەشیمان بوونەوە بریتیە لە تەوبەکردن)). هەروەها بە دایکە عائیشە فەرمویەتی: ((**يَا عَائِشَةُ إِنْ كُنْتِ أَلْمَمْتِ بِذَنْبٍ فَاسْتَغْفِرِي اللهَ**

---

[٦] رواه حمد وابن ماجه والحاكم وصححه، وحسنه شعيب الأرناؤوط وصححه الألباني، من حديث عبدالله بن مسعود.

وتُوبِي إِلَيْهِ، فَإِنَّ التَّوْبَةَ مِنْ الذَّنْبِ النَّدَمُ وَالإِسْتِغْفَارُ »[٧]. یانی: ئەی عائیشە ئەگەر تاوانێکت توش هاتووە، داوای لێخۆشبون بکە لە خوا و تەوبە بکە و بگەڕێوە بۆلای، چونکە تەوبەکردن لە تاوان ئەوەیە: پەشیمان ببیتەوە و داوای لێخۆشبوون بکەی.

**خوشك و برای سەنگینم..**

خوای مەزن پێی خۆشە پەشیمانی و زەلیلی لە بەندەکەیدا ببینێت، هەر بۆیە کە تەوبەیەك دەکەیت پەشیمان بەرەوە و دان بە هەڵەی خۆتدا بنێ و بڵێ:

پەروەردگارا ! ئەوەی لێم وەشایەوە لەبەر ئەوە نەبوو هەقی تۆ بەکەم بزانم، یان ئینکاری ئاگاداربوونی تۆ بکەم، یان بەڵێنەکانت بەکەم بزانم..

پەروەردگارا ! تۆش زاناتری، ئەوەم لێوەشایەوە نەفس و شەیتان و هەوا و ئارەزو زاڵبون بەسەرمدا، و بە تەمای لێخۆشبونی تۆ، بە هیوای بەخشینی تۆ، بە گومانی خێر بردن بە تۆ، بە ئومێدی فەزڵ و کەرەمی تۆ، بە تەمای فراوانی نەرمونیانی و ڕەحمەتی تۆ، نەفسم بە گەورەیی ڕەحمەتی تۆ فریوی دام، جوانی

---

[٧] رواه البخاري ومسلم، وهذا لفظ: أحمد والبيهقي.

ستری تۆ بەسەرمدا، لەگەڵ ئەمانەشدا نەزانی خۆم یارمەتیدام بۆ ئەنجامدانی، بەڵام ئێستا دەزانم هەڵەم، هیچ ڕێگایەکیشم نیە پەنای بۆ ببەم جگە لە تۆ نەبێت..

ئەی خوایە! زوڵمم لە نەفسی خۆم کرد لێم خۆش بە..

**سێیەم: سور بوون لەسەر نەگەڕانەوە بۆ ئەو تاوانە:**

تەوبەی کەسێك قبوڵ نیە کاتێك تەوبە بکات، نیەتی دووبارە گەڕانەوی هەبێت ئەگەر بۆی بلوێت، بەڵکو ئەگەر ئەیەوێت تەوبەکەی ڕاستەقینە بێت و خوا لێی وەری بگرێت: سەرەتا پێویستە یەکسەر دەستبەرداری تاوان کردن ببێ، پاشان پەشیمان بێتەوە لەوەی ئەنجامی داوە، هەروەها بڕیار بدات لە داهاتوودا نەگەڕێتەوە بۆ تاوانکردن و سوریش بێت لەسەر ئەم بڕیارەی.

**چوارەم: گەڕاندنەوەی مافەکان «الـمَظَالِم» بۆ خاوەکانیان:**

ئەو سێ مەرجەی پێشو پێویستە لە هەموو تەوبەکردنێکدا هەبن، بەڵام ئەمیان لە کاتێکدا دەبێت ئەگەر هاتوو تاوانەکە پەیوەندی بە مافی ئادەمیزادەکانەوە هەبوو، -ئەگەر ئەیەوێت تەوبەکەی ڕاست و قبوڵ بێت- ئەوە پێویستە لەسەری مافەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە کە لە صەحیحی بوخاریدا هاتوە، ئەڵێ: پەیامبەری خوا صلی الله علیه وآله وسلم فەرمویەتی:

«مَنْ كَانَتْ عِنْدَهُ مَظْلِمَةٌ لِأَخِيهِ فَلْيَتَحَلَّلْهُ مِنْهَا فَإِنَّهُ لَيْسَ ثَمَّ دِينَارٌ وَلَا دِرْهَمٌ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُؤْخَذَ لِأَخِيهِ مِنْ حَسَنَاتِهِ بِقَدْرِ مَظْلَمَتِهِ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ حَسَنَاتٌ أُخِذَ مِنْ سَيِّئَاتِ أَخِيهِ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ».

واتە: «هەرکەسێك زوڵمی لە کەسێك کردوە و مافی لەسەرە، گیانی بێت یان مادی..، با ئەمڕۆ گەردن ئازایی لێ بکات پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت نە دینار و نە دیرهەم سوودی پێ ناگەیەنێت، جا ئەگەر لەو ڕۆژەدا کردەوەی چاکی هەبێت لێی دەبرێت بە ئەندازەی مافی خاوەن مافەکە، خۆ ئەگەریش چاکەی نەبێت لە کردەوە خراپەکانی کابرای خاوەن ماف هەڵدەگیرێت و دەدرێت بە کۆڵ ستەمکارەکەدا».

جگە لەم مەرجانەش هەندێك مەرجی تر هەن کە ئەبێت لە تەوبەکردنەکەدا هەبێت، لەوانە:

### أ- ساغ و بێخەوش بوون بۆ خوای پاك و بێ عەیب:

بەو پێیەی کە هۆکاری تەوبەکردنەکە خۆشویستن و بە گەورەڕاگرتنی خوا و بەتاما بوونی پاداشت و ترسان لە سزای خوای گەورە بێت. هەربۆیە دەبینیت خوای پاك وبێ پەڵە دەفەرموێ ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَٱعۡتَصَمُواْ بِٱللَّهِ وَأَخۡلَصُواْ دِينَهُمۡ لِلَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ﴾ [النساء:١٤٦].

واتە: -شوێنی ئەو مونافیقانە خواری خوارەوەی دۆزەخە- تـەنها ئەوانـەیان نەبێت کە: تەوبەی ڕاستەقینەیان کـرد و ڕیابازیـان گـۆڕی بـە ئـیخلاص و کـار و کردەوەیان چاککرد و بۆ خوا سوڵحیان بە ڕوکەش و بە هەناو، دینداریان لە بۆ خـوا ساغ و بێخەوش کردەوە، ئا ئەوانە لەگەڵ ئیمانداراندا دەبن.

بە کورتی: ئەبێت مەبەستت تەنها و تەنها خوای پایەبەرز بێت و هیچ مەبەستێکی ترت نەبێت لە تەوبەکردنەکە، بۆ نمونە:

وازهێنانەکەی لە تاوانکردن، لەبەر ئەوە نەبێت کە توانای ئەنجامدانی نەماوە، یان توانی ئەوەی نەماوە جارێکی دی بگەڕێتەوە، یان لەترسی قسەی خەڵك وزابهێنێت.

بەو کەسە ناوترێت تەوبەکار کە لەبەر سومعەتی وازی لە تاوانکردن هێناوە، یان ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر ئەو تاوانە خاوەن کارەکە یان سەرۆك دائیرەکە لە کارەکەی دوری دەخاتەوە.

بەو کەسە ناوترێت تەوبەکار کە لەبەر ئەوەی بۆ تەندروستی خراپە، یان ئەگەر بەردەوام بێت لاوازی دەکات، هێزەکەی جارانی نامێنێت، بۆ نمونە: کەسێك واز لە زیناکردن بێنێت لەبەرئەوەی توشی نەخۆشیە کوشندەکان نەبێت، یان ئەگەر بەردەوام بێت لاشە و زاکیرەی لاواز دەکات.

هەروەها بەو کەسە ناوتریّ تۆبەکار کە وازی لە عارەق خواردنەوە، یان قومار، یان کارە خراپەکانی تر هێنا بێت، لەبەرئەوەی ئیفلاس بووە و پارەی پیّ نەماوە.

هەروەها بەو کەسە ناوترێت تۆبەکار کە توانای تاوانکردنی نەماوە لەبەر هۆکارێك کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەمدا نیە، وەکو درۆزنێك لاڵ ببێت، یان زیناکارێك توانای جوتبونی نەمێنێت، یان دزێك بە هۆی ڕوداوێکەوە دەستەکانی لە دەست بدات و ئیتر نەتوانێت دزی بکات.

جا ئەوانەی لەبەر ئەم حاڵەتانە و هاوشێوەکانی واز لە تاوانکردن دێنن، هەمیشە حەزیان لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەیە، ئەگەریش بۆیان بلوێت ئەنجامی دەدەن، کە بۆشیان دەست نادات داخی بۆ دەخۆن، تەمەننای کردنی دەکەن.

**خوای مەزنیش بێدەسەڵاتی ئاواتە خوازی، وەك بکەری کارەکە حسابکردوە.**

ئەوەتا پەیامبەری خوا صلی الله علیه وآله وسلم دەفەرموێت: -وەك لە حەدیسەکەی ئەبو کەبشەی ئەنماری هاتووە-:

«إِنَّمَا الدُّنْيَا لِأَرْبَعَةِ نَفَرٍ، عَبْدٍ رَزَقَهُ الله مَالًا وَعِلْمًا، فَهُوَ يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ، وَيَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ، وَيَعْلَمُ للهِ فِيهِ حَقًّا، فَهَذَا بِأَفْضَلِ الْمَنَازِلِ، وَعَبْدٍ رَزَقَهُ الله عِلْمًا، وَلَمْ يَرْزُقْهُ

مَالًا، فَهُوَ صَادِقُ النِّيَّةِ، يَقُولُ: لَوْ أَنَّ لِي مَالًا لَعَمِلْتُ بِعَمَلِ فُلَانٍ، فَهُوَ بِنِيَّتِهِ فَأَجْرُهُمَا سَوَاءٌ، وَعَبْدٍ رَزَقَهُ اللهُ مَالًا، وَلَمْ يَرْزُقْهُ عِلْمًا، فَهُوَ يَخْبِطُ فِي مَالِهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ، لَا يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ، وَلَا يَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ، وَلَا يَعْلَمُ للهِ فِيهِ حَقًّا، فَهَذَا بِأَخْبَثِ الْمَنَازِلِ، وَعَبْدٍ لَمْ يَرْزُقْهُ اللهُ مَالًا وَلَا عِلْمًا، فَهُوَ يَقُولُ: لَوْ أَنَّ لِي مَالًا لَعَمِلْتُ فِيهِ بِعَمَلِ فُلَانٍ، فَهُوَ بِنِيَّتِهِ فَوِزْرُهُمَا سَوَاءٌ))[٨].

واتە: ((حاڵی ئەهلی دوینا وەکو حاڵی ئەم چوار کەسە وایە، کەسێك خوای باڵادەست ماڵ و زانستی پێ بەخشیوە، ئەویش بڕوات تەقوای خوای پێ بکا و سیلەی ڕەحمی پێ بگەیەنێت و ڕەچاوی مافەکانی خوای پێبکات، ئا ئەمەیان بەرزترین پلە و مەنزیلەتی هەیە.

هەروەها کەسێك خوای مەزن زانستێکی پێ بەخشیوە، ماڵی پێ نەبەخشیوە، بەڵام نیەتی پاکە؛ ئەڵێ: ئەگەر پارەم هەبوایە وەکو فلان کەسم دەکرد، جا بەپێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە، لە ئەجریشدا وەکو یەك وان.

---

[٨] رواه أحمد والترمذي وقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، وحسنه شعيب الأرناؤوط وصححه الألباني.

هەروەها کەسێك خوای مەزن ماڵ و سامانی پێ بەخشیوە، زانستی پێ نەبەخشیوە، ئەوڕا بە هەوەس و هەوا و ئارەزوی خۆی و بەبێ عیلم دەیبەخشێتەوە، نە لە خوا دەترسێ لەو پارەیەی کە لەلایەتی، نە سیلەی ڕەحم بە هۆیەوە دەگەیەنێت، نە ڕەچاوی مافەکانی خواش دەکات تێیدا، جا ئا ئەمە لە خراپترین مەنزیلەت و پلەدایە.

هەروەها کەسێك خوای مەزن نە ماڵی پێ بەخشیوە نە زانست، جا ئەڵێ: ئەگەر پارەم هەبوایە وەك فلان کەسم دەکرد، ئەمیش بە نیەتی خۆی لەگەڵیدا دەکرێت، و لە تاوانیشدا وەکو یەك وان)).

**سودێك:**

ئەم فەرمودەیە گەورەیی و گرنگی زانستمان بۆ دەردەخات، دەبینی لە هەر چوار حاڵەتەکەدا هۆکارەکە عیلمە، کە چاکە بەهۆی عیلمەوەیە کە خراپە بەهۆی نەبونی عیلمی شەرعیەوەیە:

کەسی یەکەمیان: ماڵ و **زانستی پێ بەخشیوە**..

کەسی دووەم: **زانستی پێبەخشیوە**،ماڵی پێنەبەخشیوە.

کەسی سێیەم: ماڵی پێبەخشیوە،**زانستی پێنەبەخشیوە**.

کەسی چوارەمیان: **نە زانستی پێبەخشیوە نە ماڵ.**

**ب- هەروەها داننان بە تاوانندا:**

چونکە مومکین نیە مرۆڤ تەوبە بکا لە شتێك و بە تاوانی نەزانێت، هەربۆیە ئەبێت دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت.

هەروەك لە فەرمودەکەی عائیشەدا هاتوە لە صەحیحی بوخاری، پەیامبەری خوا صلى الله عليه وآله وسلم پێی فەرموە: (( **يَا عَائِشَةُ إِنْ كُنْتِ أَلْمُتِ بِذَنْبٍ فَاسْتَغْفِرِي اللهَ وَتُوبِي إِلَيْهِ فَإِنَّ الْعَبْدَ إِذَا اعْتَرَفَ بِذَنْبِهِ ثُمَّ تَابَ، تَابَ اللهُ عَلَيْهِ** )). یانی: ئەی عائیشە ئەگەر تاوانێکت توش هاتووە، داوای لێخۆشبون بکە لە خوا و تەوبە بکە لای، چونکە ئەگەر بەندە دان بە تاوانەکەی خۆیدا بێنێت و پاشان تەوبە بکات و بگەڕێتەوە، خوای گەورە تەوبەکەی لێوەردەگرێت.

**ج- ئەبێت تەوبەکە لە کاتێکدا بێت قبوڵ بکرێت:**

کە بریتیە لە پێش سەرە مەرگ و پێش هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە.

ئەمەش لە حەدیسەکەی ئیبن عومەردا هاتوە، پەیامبەری خۆشەویستمان صلی الله علیه وآله وسلم دەفەرمویت: ((إِنَّ اللهَ يَقْبَلُ تَوْبَةَ الْعَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ))[٩]. واتە: بەڕاستی خوا تەوبەی بەندەکانی قبوڵدەکات، هەتا پێش سەرەمەرگ.

هەروەها لە صەحیحی موسلیمدا هاتوە لە حەدیسەکەی ئەبو موسای ئەشعەری، پەیامبەری خوا صلی الله علیه وآله وسلم دەفەرمویت: (( إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَبْسُطُ يَدَهُ بِاللَّيْلِ لِيَتُوبَ مُسِيءُ النَّهَارِ وَيَبْسُطُ يَدَهُ بِالنَّهَارِ لِيَتُوبَ مُسِيءُ اللَّيْلِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا )). واتە: بەڕاستی پەروەردگاری پایەبەرز، بەشەو دەستی ڕادەخات بۆ ئەوەی تاوانکارانی ڕۆژ تەوبەی لا بکەن، و بە ڕۆژ دەستی ڕادەخات بۆ ئەوی تاوانکارانی شەو تەوبەی لا بکەن، هەتا ئەو کاتەی خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵدێت.

---

[٩] رواه أحمد وابن حبان والترمذي وحسنه وصححه النووي وحسنه الالباني.

## نیشانەکانی قبوڵ بوونی تەوبە

**برای خۆشەویستم .. خوشکی بەڕێزم**

چەند نیشانەیەك هەیە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە تەوبەکەت قبوڵ بووە و گەڕانەوەیەکی ڕاست و پاکت ئەنجامداوە، لەوانە:

**یەکەم: تەوبەکار پاش تەوبە کردنەکەی باشتر بێت وەك لە پێش تەوبەکردنەکەی:**

ئەمەش هەموو کەسێك هەستی پێدەکات، و بەخۆی دەزانێت، کە ئێستا باشترە وەك لە پێشتری یان نا، خۆ ئەگەر باشتر بوویت ئەوا سوپاس و ستایشی خوای مەزن بکات کە سەرکەوتوی کردویت و تەوبەکەی لێوەرگرتویت، با بشپارێتەوە بەڵکو خوای مەزن بەردەوامی بکات، چونکە لە تەوبە گرنگتر بەردەوامبونە. خۆ ئەگەریش وا نەبوو ئەوا با لۆمەی خۆی بکات و هیممەتێك بکات بۆ زیاتر بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن، چونکە ئاماژەی خراپن بۆ ناڕاستیێتی تەوبەکردنەکە.

**دووەم: ئەبێت بەردەوام ترسی لێنەبڕێت:**

لەوەی کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ تاوانکردن، لەوەی کە خوای مەزن تۆڵەی ئەو تاوانانەی پێشوی لێبکاتەوە، لە ..

ئەبێت بە بەردەوامی بترسێت و ئەمین نەبێت لە خەشم و قینی خوای مەزن - پەنا بەخوا، لە خەشم و قینی خوا-، چونکە مرۆڤی ژیر لە سزای پەروەردگاری بێ ئاگا نابێت، ئەمەش حاڵیەتی تا ئەو دەمەی فریشتەکان پێی دەڵێن: ﴿أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾﴾ [فصلت:٣٠]. مەترسێن و هیچ غەم و پەژارەیەکتان نەبێت، مژدەی ئەو بەهەشتانەتان لێبێت کە بەڵێننتان پێدەدرا. ئیتر ئا لەوێ ترس و بیم و غەم و پەژارەکەی نامێنێت.

## سێیەم: ئەبێت دوای تەوبەکردنیش بەگەورە تەماشای تاوانانەکانی بکات:

بەڵێ، ئەبێت بە گەورە تەماشای تاوانەکانی بکات، چ ئەوانەی کە ئەنجامی داوە و تەوبەی لێکردوە، چ ئەوانەی کە نەفسی و شەیتان و هەوا و ئارەزوی داوای لێدەکەن ئەنجامی بدات .. .

ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- ئەفەرموێ: ((إِنَّ الْمُؤْمِنَ يَرَى ذُنُوبَهُ كَأَنَّهُ قَاعِدٌ تَحْتَ جَبَلٍ يَخَافُ أَنْ يَقَعَ عَلَيْهِ، وَإِنَّ الْفَاجِرَ يَرَى ذُنُوبَهُ كَذُبَابٍ مَرَّ عَلَى أَنْفِهِ فَقَالَ بِهِ هَكَذَا)). واتە: باوەڕدار تاوانەکانی وەکو کێوێك دەبینێ بەسەر سەریەوە بێت، دەترسێ داکەوێتە بە سەریدا، بەڵام خراپەکار و دەغەڵ تاوانەکانی بە مێشولەیەك دەبینێ، بەلای لوتی تێپەڕێت، ئەویش بە دەستی ئاوهایەکی لێبکات، بفڕێت.

هەندێك لە سەلەف -ڕەحمەتی خوایان لێبێت- فەرمویانە: ((لَا تَنْظُرْ إِلَى صِغَرِ المَعْصِيةِ وَلَكِنِ انْظُرْ إِلَى مَنْ عَصَيْتَ)). واتە: تەماشای بچوکی تاوانەکە مەکە، بەڵکو تەماشای گەورەیی ئەو خوایە بکە کە تاوانەکەت لە ئاست ئەنجامداوە.

هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیك ڕەزای خوای لێبێت، ئەفەرموێ: ((بەڕاستی ئێوە هەندێك شت دەکەن لە تاڵە موو باریکترە لە پێش چاوتان، بەڵام ئێمە لە سەردەمی پەیامبەری خوادا صلى الله عليه وآله وسلم ئا ئەو جۆرە کارانەمان بە تاوانە لەناوبەرەکان دەزانی)).

ئەوە ئەنەسە یەکێکە لە صەحابیەکان، هاوەڵی پەیامبەری خوایە، بە تابعیە بەڕێزەکان ئاوها ئەڵێت، لە کاتێکدا پەیامبەری خوا صلى الله عليه وآله وسلم خۆی شایەتی چاکەی بۆ ئەو سەردەمە پاکە داوە هەروەك لە صەحیحەینی بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە حەدیسەکەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و عیمڕانی کوڕی حوصەین و ئەبو هورەیرە، کەوا پەیامبەر صلى الله عليه وآله وسلم فەرمویەتی: ((خَيْرُ أُمَّتِي قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ))، واتە: ((باشترینی ئومەتەکەم ئەم خەڵکانەی سەردەمی منن پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن)).

ئەگەر ئەنەس ڕەزای خوای لێبێت بەو سەردەمە پاکە وا بڵێت، باشە ئەگەر ئەمڕۆی موسڵمانان ببینێت چی ئەفەرموێ. خوای مەزن پێچەسپا و دامەزراومان بکات لەسەر هەق.

**چوارەم: ئەبێت تەوبەکردن، تۆبەکار دڵشکاو و ملکەچ و بێفیز بکات بەرانبەر بە پەروەردگارەکەی:**

هیچ شتێك لەوە خۆشەویستتر نیە لە لای خوا کە بەندە بە دڵشکاوی و لاوازی و ملکەچیەوە بگەڕێتەوە لای، بە دڵێکی تەڕ و پاراو بە زیکری خوا، بە بێ خۆپەسەندی و لە خۆ بایی بوون، بەبێ حەز کردن لە ستایش، بە بێ بەکەم تەماشاکردنی خەڵك بەهۆی تاوان و سەرپێچیانەوە.

ئا ئەمەش هەقیقەتی تەوبەکردنە، ئەوەندە دەترسێ لە سەرەنجامی خراپی ئەو کارەی لێی وەشاوەتەوە وەختە دڵی دەردەچێت، جا هەرکەس لە دونیا نەترسێ و دڵی نەشکێت بۆ ئەوانەی لێی وەشاوەتەوە، لە ئاخیرەتدا دەبێت بترسێ و دڵی بشکێتەوە، چونکە دڵ هەر ئەبێت بشکێتەوە جا یا لە دونیایە یا لە ئاخیرەت، ئیتر هەرکەسێك ئەمەی لە خۆ نەبینی با تەوبەکەی تۆمەتبار بکات و هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدات.

هەربۆیە پەیامبەری خوا صلى الله عليه وآله وسلم دەفـەرموێت -هـەروەك لـە صەحیحی موسلیمدا لە حەدیسەکەی ئەبو هورەیرە هاتوە-: «أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ». واتە: «نزیکترین ساتی بەندە لە خوای مەزنەوە ئەو کاتەیە کە سوجدە دەبات، هەر بۆیە زۆر دوعا بکەن، زۆر بپاڕێنەوە».

چونکە لەوکاتەدا بەندە شەریفترین و بەڕێزترین شوێنی لاشەی کـە سـەریەتی ئاوها کەچی کردوە و داینواندوە بۆ پەروەردگارەکـەی، لەسـەر زەوی دانـاوە، ئـەو زەویەی کە ئەم پێی لەسەر دادەنێت، کە لەوپەڕی زەلیلی دایـە، هـەر بۆیـە لەبـەر زەلیلیەکەی خوای مەزن دوعای گیرا دەکات -خوای بیسەر و بینا دوعـای ئێمـە و ئێوەش بکا گیرا-.

چەند خۆشە بەوپەڕی زەلیلی و ملکەچی و دڵشکاویەوە بڵێی:

«أَسْأَلُك بِعِزّك وَذُلِّي إِلّا رَحِمْتَنِي، أَسْأَلُك بِقُوّتِك وَضَعْفِي ، وَبِغِنَاكَ عَنّي وفَقْري إِلَيْك. هذِهِ نَاصِيَتي الكَاذِبَة الخَاطِئَة بَيْنَ يَدَيْك، عَبِيدك سِوَاي كَثِير ولَيْس لِي سَيّد سِوَاك. لَا مَلْجأَ ولاَ مَنْجَى مِنْكَ إِلّا إِلَيْك. أَسْألك مَسْألة المسَاكين. وأَبْتَهل إِلَيْك ابْتِهَال الخَاضِعِ الذّلِيل. وأَدْعُوكَ دُعَاءَ الخَائِفَ الضَّرِير، سُؤَالَ مَنْ خَضَعَتْ لَك رَقَبَته، ورَغِمَ لَكَ أَنْفُه، وفَاضَتْ لَكَ عَيْنَاه، وذَلَّ لَكَ قَلْبه» .

پەروەردگارا ! لێت دەپاڕێمەوە بە دەسەڵاتداری خۆت و بێدەسەڵاتی خۆم، لێت دەپاڕێمەوە بە بەهێزی خۆت و لاوازی خۆم، لێت دەپاڕێمەوە بە بە بێ نیازی تۆ بە من و نیازمەندی من بە تۆ، بە هەژاری من و دەوڵەمەندی تۆ.. ئەوە نێو چاوانە درۆزنە هەڵەکارەکەی منە لەبەر دەستی تۆدا، بەندەی جگە لە منت زۆرە، بەڵام من جگە لە تۆ شك نابەم، هیچ پەناگە و حەشارگەیەکم نیە مەگەر هەر بۆلای تۆ نەبێت ئەی پەروەردگار، لێت دەپاڕێمەوە بە پاڕانەوەی هەژاران..

## پێنجەم: ئەبێت ئاگاداری ئەندامەکانی لاشەی بێت:

ئەبێت ئاگاداری زمانی بێ؛ لە درۆکردن و غەیبەت و فیتنەیی و وتی و قسەی زیادە و قسە هێنان و قسە بردن. ئەبێت سەرقاڵی بکات بە زیکر و قورئان خوێندن و قسەی خێر و فەرمان بەچاکە و ڕێگریکردن لە خراپە.

هەروەها ئاگاداری سنگی بێت، هەرچی حەڵاڵە ئەوە بخوات. ئاگاداری چاوەکانی بێت تەماشای حەرامی پێنەکات. ئاگاداری گوێی بێت ئەوەی حەرامە گوێی بۆ نەگرێت، وەکو درۆکردن و غەیبەتکردن و گۆرانی و مۆسیقا و..

هەروەها ئاگاداری دەستەکانی بێت لە بۆ شتی حەرام درێژیان نەکات. ئاگاداری هەردوو پێی بێت و بەرەو حەرام پێی نەڕوات.

له هەمووی گرنگتر: ئاگاداری دڵی بێت، له ڕیا و ڕق و بوغز و حەسودی و غەش و دەغەڵی و خۆشویستنی دوژمنانی خوا و ڕق لێبوونی دۆستانی خوا و .. هتد به دووری بگرێت.

چونکه دڵ پادشایه و ئەندامەکانیش سەربازی ئەو پاشەیەن، سەربازەکان به پێی ڕێنمایی ئەو پادشایه هەڵسوکەوت دەکەن، هەربۆیه پەلاماری عەرشی پاشایەتی بده و خۆت به سەربازەکانەوه سەرقاڵ مەکه، چاککردنی پادشاکه بێگومان چاککبونی سەربازەکانی لەگەڵدایه.

ئاگاداری سەرجەم عیبادەتەکانی بێت، پاك و ساغ و بێخەوشی بکا به تەنها بۆ خوای مەزن، دوور کەوێتەوه له ڕیابازی و ناوپەیداکردن.

## ئا   ئاداربە! تەکبەکردنەکەت دکامەخە یتەسویدی یڤێدا مەیە

(سَوْفَ)، واتە: دواجار، پاشان، ئینجا، پاش وەخت، دوای ئەوە، .. هتد، لێرەشدا واتە: دواخستنی تەوبە بۆ کات و ساتێکی تر.

**خوشکی بەڕێزم .. برای خۆشەویستم**

مەڵێ: دواجار تەوبە دەکەم (سَوْفَ أَتُوب)، بێگومان کەس نازانێ کەی ئەجەلی دێ وچەند لە تەمەنی ماوە.

ئەوەی جێی داخە خەڵکانێك دەبینین «دوایی» بۆ تەوبەکردن ئەکەن و ئەڵێن:

ئێستا کاتی تەوبەکردن نیە.

وازبێنن با هەندێك چێژ لە دونیا وەربگرین

هەر کە بە ساڵدا چووین خۆمان تەوبە دەکەین، خۆ قابیلە چی ئەکەین؟! دواجار هەر تەوبە ئەکەم، بەس جارێ وەختی نیە.

جارێ با فلانە شت بکەم، پاشان نوێژ دەکەم!؟

با فلانە شەهادە بەدەست بێنم پاشان ڕۆژوو دەگرم؟!

با ناجح ببم پاشان ئەوە دەکەم؟!

با زانکۆ یان پەیمانگا تەواو بکەم، یان با شو بکەم، پاشان سەرپۆش دەدەم و دەبم بە موحەجەبەیەکی چاك[10]؟!

---

[10] لێرەدا تێبینیەکی زۆر گرنگ هەیە لەسەر مەفهومی حیجاب، بەڵگو لە ڕاستیدا پێویستی بە کتێبێکی تایبەت هەیە تا بە دوور و درێژی باسی لێوە بکرێ.

جا چەندیش حەز دەکەم کە هەموو ئومەتی موحەممەد **صلى الله عليه وآله وسلم** گوێیان لەم وتەیە ببوایە، بە تایبەت مللەتە ئازیزەکەی خۆم، هەرچۆن بێت لێرەدا پشت بەخوا لەچەند دێڕێکدا دەیگوشێرم و عەرزی خزمەتتانی دەکەم:

سەرەتا ئەبێت ئەوە بزانین ئافرەتان لە شەرعدا بە دوو شت خۆیان دادەپۆشن، یەکەم: بە خیمار ئەمەش بۆ داپۆشینی سەر و سنگیان بە تەواوەتی. دووەمیان: -کە بۆ باقی لاشەیانە- بە جلباب یا هەر شتێکی تر مواصفاتی جلبابی تێدا بێت.

موحەجەبەش بەوە دەوترێ کە پۆشتە و داپۆشراو بێت لە ئاست بەرانبەرە نامەحرەمەکانیدا، هەروەك خوای کاربەجێ فەرمان دەکات بە ئافرەتانی موسڵمان جێبەجێی بکەن.

حیجاب خۆی وشیەکی عەرەبیە: واتە: پەردە، داپۆشین..

لە شەرعیشدا وەك لە واتا زمانەوانیەکەوە بۆمان دەردەکەوێت، حیجاب بریتیە لە:

شاردنەوە و داپۆشینی جوانی لاشە لە لایەن ئافرەتانەوە لە ئاست نامەحرەمەکانی خۆیان.

((جگە لە دەم و چاو و هەردوو دەست نەبێت - ئەگەرچی ڕای پەسەند ئەوەیە: دەست و دەم وچاو پێویستە داپۆشراو بێت)).

جا ورد بەرەوە، خوشکی ئەزیزم.. نەم وت: شاردنەوەی موی قژی بە تەنها، ئەگەریش جار و بار هەندێکیشی بەدەر کەوت قەیناکا، نا.. وا نەوتراوە.

کەوابوو هەر ئافرەتێك لەچکێکی دا بەسەردا ئەوە مەرج نیە محەجەبە بێ. پەنتۆڵێکی تەسکی لە پێکردووە و پارچە پەڕۆیەکیشی هەروا داوە بەسەریدا، ئەمە بە هیچ شێوەیەك پێی ناوترێ موحەجەبە، شتی واش لە شەریعەتەکانی خوادا جل جلالە نەبووە و نابێت و جێی نابێتەوە.

یان لەچکێك دەدات بەسەردا و تەنورەیەکی تەسکی لە پێکردووە یان قەمیسێکی تەسك یان..

ئاخر یەکێك لە **مەرجەکانی حیجاب** ئەوەیە ئەبێت هەموو لاشە داپۆشێت -کە کوتومت عابای کوردەواریە- نەتان بیستووە دوژمنان هەر لە کۆنەوە کە درکیان بە پۆشتەیی عابا کرد کەوتنە دژایەتی کردنی و ویستویان نەمێنێ و شیعریشیان لەسەر وتوە:.باوی عابا نەماوە.. جلی کوردی زۆر جوانە شۆڕە و پەسەند کراوە..

با شوو بکەم یان با ژن بهێنم پاشان ئاوا دەکەم ..؟!

بەڵام چەندەهامان بینی پێش ئەوەی هیچ لەمانە تەواو بکات کۆچیان کرد، کۆچی هاندەران نالێم.. نا بەخوا.. کۆچی هەتا هەتایی ئەلێم -پەنا بەخوا-، ئێستاش لە ژێر خاکن و ناویشیان هەر نەما. بەڕاستی ئەمانە فێڵ و تەڵەکەی شەیتانن و فرت و فێڵی ئەم دونیا فانییەیە.

---

تەماشای شەیتانکەن بەناوی شۆڕی و پۆشتەیی و جلی نەتەوەییەوە، ئەیەوێ عابای کوردەواری لە بەری دایکان و خوشکانمان دارنن لە کاتێکدا ئەویش هەر جلێکی کوردی ڕەسەنە.

بەڵام ئەفسوس ﴿وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾.

**هەروەها** یەکێکی تر لە مەرجەکانی حیجاب ئەوەیە ئەبێت تەسك نەبێت. **هەروەها** تەشبیهی یەهود و نەساراکانیش نەبێت. **هەروەها** تەشبیهی پیاوان نەبێت.

**هەربۆیە** حیجاب ((سەرپۆش)) ئەبێت بەناوی خۆیەوە بێت، سەر بە تەواوەتی داپۆشێت لەگەڵ تەواوی سنگدا، ئەمەش لە زمانی عەرەبیدا ((خیماری)) پێدەگوترێ، واتە داپۆشین، بە عارەقیش بۆیە دەوترێ ((خەمر))، چونکە عەقڵ دادەپۆشێ و لە هۆشی خۆی نایهێڵێ. ئەگەریش خوا ویستی هەبوو لە جێگای خۆی زیاتر باسی لێوە دەکرێ. **والله تعالى أعلم وهو الموفق.**

جا شەیتان دێت وەعدی نەمرێتی بە ئنسان دەدات، کەچی ئەوەشی بە دەست نیە. بۆیە دەستپێشخەری بکەن، دەست پێشخەری.. وریا بن وریا.. لە بێ ئاگایی، لە دواخستنی تەوبە، لە هیوا درێژی، چونکە بەڕاستی ئەگەر هیوا درێژی نەبوایە هەرگیز فەرامۆشکردن و پشت گوێخستن نەدەما.

**هەر بۆیە برا ئەزیزەکەم .. خوشکە بە شەرمەکەم**

خێراکە لە بۆ تەوبەکردن، ئاگاداری دواخستنی تەوبەکردن بە، چونکە ئەوە خۆی بۆ خۆی تاوانێکە و پێویستی بە تەوبەکردنە.

هەر بۆیە دەستبەجێ تەوبە بکە، پێش هاتنی ئەجەلەکەت، پێش ئەوەی هەرچی هیوا و ئاواتت هەیە هەموی ببڕێتەوە و نەمێنێت، تەوبە بکە، پەشیمانی بکێشە، بگەڕێوە.

ئاخر تۆ نازانی کەی دواڕۆژتە؟! کەی دوا هەناسەتە؟! کەی دوا شەوتە؟! کەی دوا قسەتە؟! کەی دوا چونتە؟! کەی دوا هاتنتە؟!

بگەڕیوە پێش ئەوەی تاریکی باڵ بەسەر دڵەکەتدا بکێشێ، وای لێبێ چڵك و ژەنگی تاوان داپپۆشێ، وای لێبێت سڕینەوەش قبوڵ نەکات، بگەڕێوە پێش ئەوەی نەخۆشی یان مردن هێرش بەرنە سەرت، ئەو کاتە دەرفەتی تەوبە کردنیشت نەمێنێت.

فرفومەخۆ بەستی خوا فبەردفوام فناز فتوفمەتەفاذ فا! ﴿مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلْكَرِيمِ﴾

هەندێك ڕۆچوون لەتاوان و سەرپێچیدا، کاتێکیش لە سەرەنجامەکەی ئامۆژگاری دەکەیت و بێداری دەکەیتەوە، ئەڵێ:

ئەی خۆ چیمان کردووە؟! خەڵکانێك بۆ بە ئاشکرا تاوان دەکەن بەرانبەر بەخوا، خوا چاك دەیانبینێت؟! ئەسڵەن زەوی هەموی پڕ بووە لە تاوانی ئەوان، کەچی لە خۆشگوزەرانیدا دەژین چ خۆشگوزەرانیەکیش؟!

بەڵام ئەمانە لە بیریان ڕۆیشتۆتەوە، کە خوا دونیا ئەبەخشێتە ئەوەی خۆشی ئەوێ و ئەوەشی خۆشی ناوێ، بەڵام ئاخیرەت تەنها بە کەسێك دەبەخشێت کە خۆشی بوێت.

خۆ ئەگەریش بینیت کەسێك سەرپێچی خوا دەکات، خوای کاربەجێش پێی دەبەخشێ و بۆی زیاد دەکات، بزانە ئەوە ئیستدراجی خواییە «پلەپلە پەلەکێش کردنێتی» بۆ زیاتر تاوانکردن و ڕۆچون تیایدا، بەڵام هەرکە لێیانی گرت و عقوبە و سزای دان، ئەوکات بە هیچ شێوەیەك لە دەستی دەرناچن.

پەیامبەری خوا صلى الله عليه وآله وسلم دەفەرمویّت: «إِذَا رَأَيْتَ اللهَ يُعْطِي الْعَبْدَ مِنْ الدُّنْيَا عَلَى مَعَاصِيهِ مَا يُحِبُّ فَإِنَّمَا هُوَ اسْتِدْرَاجٌ ثُمَّ تَلَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وآله وسلم: ﴿فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾﴾»[11] [الأنعام:٤٤].

واتە: «ئەگەر بينيت، خوا لە دونيادا ئەوە دەبەخشێتە بەندەيەك و بەندەكەش دڵی پێخۆش دەبێت، سەرباری ئەوەش هەر سەرپێچی دەكات، ئەوە بزانە ئیستدراجە بەرە بەرە كێشكردنە بۆ زیاتر تاوانكردن و ڕۆچوون تیایدا، پاشان پەیامبەری شیرین صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وآله وسلم ئەو فەرمایشتەی پەروەردگاری خوێندەوە: «جا كاتێك ئەو بەرنامە و ڕێبازەی یادیان خرابووەوە فەرامۆش كرد، دەروازەكانی هەموو شتێكمان بۆ كردنەوە لە جوانی دونیا و ماڵی دونیا زۆرمان پێ بەخشین، تا كاتێك دڵخۆش بوون بەوەی پێیان بەخشرا، لەناكاو لێیانمانگرتن و سزایانماندا، ئیتر ئەوانیش بێ ئومێد و سەرگەردان بوون، پاشان ئەو گەلەی ستەمیان كرد دوابڕاو و بنبڕكران، و سوپاس و ستایشیش هەر بۆ خوای خاوەن جیهانەكانە»».

[11] رواه أحمد والطبراني وحسنه العراقي وشعيب الأرنؤوط، وصححه الألباني.

# چیرۆکی ئەحمەدی تۆبەکار

باسی چیرۆکی کۆن ناکەین، بۆ ئەوەی کەس نەڵێ:

ئەوە سەردەمی رسول الله بوە -صلى الله عليه وسلم-.

ئەوە سەردەمی صەحابە بوە -ڕەزای خوایان لێبێت-.

ئەوە سەردەمی پیاوچاکان بوە ڕەحمەتی خوایان لێبێت.

باسی سەردەمی خۆمان دەکەین:

شیخێك[١٢] کە خەڵکی وڵاتی عەرەبستانە، بۆ هەندێ کار و باری خۆی سەفەر دەکات بۆ یەکێك لەو وڵاتانەی دەوروبەری خۆیان، دوای تەواوبونی کارەکانی کە ڕۆژێك دەخایەنێت، بە مەبەستی گەڕانەوە بەرەو فڕۆکەخانە دەکەوێتە ڕێ، لەبەر ئەوەی سەفەرەکەی زۆر ماندوی کردوە، پشویەك دەدات لە ناو مزگەوتی فڕۆکەخانەکەدا، ئەڵێ: خەوتم و ئاگام نەبوو تا نزیك نوێژی نیوەڕۆ لە گریانی گەنجێکدا بەخەبەر هاتم کە خەریکی نوێژکردن بو، تەمەنی لەسەروی بیستەوە

[١٢] مەبەستم لە شێخ لەم کتێبەدا مامۆستای مزگەوتە، ئەو کەسەیە کە زانایە یان شارەزای شەرعی هەیە، نەك ئەوەی کە لە وڵاتی خۆماندا پێیان دەڵێن شێخ، مەبەستم جۆری یەکەمە نەك دوەم.

ولەخوار سیەوە بو، بە کولّی دەگریا، وەکو گریانی ئافرەتێك بە پێش چاویەوە مێردەکەی لە دەست بچێت، وەکو دایکێك بە پێش چاویەوە جگەر گۆشەکەی تیا بچێت، هاتە پێشەوە و بێداری کردمەوە، ووتی: تۆ خەوت لێدەکەوێ؟! دەتوانی بخەوی؟! وتم: بەڵێ، وتی: بەڵام من خەوم لێناکەوێ، ناتوانم بخەوم، ناتوانم تامی خەو بچەژم. منیش وتم: خێرە، با نوێژەکەمان بکەین پاشان پێکەوە قسە دەکەین ﴿لِيَقْضِيَ اللهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا﴾، ئەڵێ: کە نوێژمان تەواو کرد، وتی: من خەڵکی «ریاز»م[١٣]، لەخێزانێکی دەوڵەمەندم، خۆشگوزەرانم، حەزمان لە هەرچی بێت دەیکەین، حەزم کرد لە ژیانی ڕۆژانە و ئەو ژیانەی کە عادەتیە و هەمو ڕۆژێك دوبارە دەبێتەوە بێزار بوم، حەزم کرد جەوێك بگۆڕم، سەفەرم کرد بۆ ئەم وولاتەی کە ئێستا من و تۆ لە فڕۆکەخانەکەی دانیشتوین، لەگەڵ هەندێ برادەری خراپ سەفەرم کرد، مەبەستیشم ئەوە نەبو توشی داوێن پیسی ببم، بەڵکو تەنها بۆ ڕابواردن وبەسەر بردنی کاتێکی خۆش بو، بەڵام برادەرە خراپەکانی دەوری دەگرن، وازیان لێنەهێنا لەم شوێن بۆ ئەو شوێنی خراپ، هەتا بەرە بەرە لە پێشەکیەکانی زینا نزیکیان کردەوە، لەگەڵ ئافرەت وکیژۆڵەی جوان دایاننا، تا ئەوەبو لەگەڵ یەکێکیان تەنها کەوت و پاش قسەی خۆش کردن و یاری کردن، توشی فاحیشە هات، و هەرچی شەهوەتی هەبوو بەتاڵی کرد، گەرمی تاوان بەر لاشەی کەوت،

[١٣] پایتەختی عەرەبستانە.

وەکو قامچی لە دڵی دەدا، لە پشتی دەدا، ئاگر بەربو لە گیانی، هاواری کرد: چۆن ئەم کارەم کرد؟ چۆن ئەو پەرژینەم شکاند؟ من ئیتر مەحروم دەبم لە حۆریەکانی بەهەشت! دەستی کرد بە گریان و بەرەو دەشت کەوتە ڕێ، تەماشا دەکات ئەوە یەکێکە لەو خراپەکارانە لە دەرەوە وەستاوە، وتی: بۆ دەگریت؟ وتم: ئەزانی چیمکرد من زینام کرد، من زینام کرد!! ئەو خراپەکارە پێی ووت: ها بگرە ئەوە پەرداخێکی مەیە بیخۆرەوە هەموو شتێکت لە بیر دەچێ!!! دەڵێ وتم: هەر وازم لێناهێنن لە حۆریەکان بێ بەشتان کردم، ئەتانەوێ لە مەی بەهەشتیش مەحرومم بکەن.

پاکی بۆ ئەو خوایەی دڵەکان دەگۆڕێت! تۆزێك پێش ئێستا زیناکار بو، ئێستا دەگری وپەشیمانە.

پاشان ئەو خراپەکارە چی پێدەڵێ؟ پێی دەڵێ: «گوێی مەدەرێ خوا غفور و رحیمە. بەڵام لە بیری چوو کە «شدید العقاب»یشە. ئەڵێ: زۆر گریا و وتی: خۆگە پارەکەمیان ببردایە، نەك دین و ئیمانەکەمیان بشکاندایە. لەو کاتەوە خەوم لێناکەوێ، دڵتەنگم چاو بە گریان، ئیسراحەتم لێبڕاوە.

ئەڵێ: منیش ووتم: ئایەتێکت بۆ دەخوێنمەوە وگوێ بگرە بەڵکو سودت پێبگەیەنێت، واللە هیچ ئایەتێك لە قورئان نابینم ئومێد دارتر بێت، پڕ هیواتر

بێت لەو ئایەتەی کە خوای میهرەبان دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ واتە: «ئەی ئەو بەندانەم کە ڕۆچون لە گوناهو تاوان، بێ ئومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، خوا ڕەحمەتی فراوانە»، ئەڵێ: وتی: خوا لە هەموو کەسێك خۆش ئەبێ لە من نەبێ، من زینام کردووە، دەزانی زینا چیە؟ تۆ قەت لە تەمەنتا زینات کردووە؟! وتم: نە واللە لە تەمەنمدا زینام نەکردووە، وتی: دەی بۆیە نازانی نارەحەتی زینا چیە؟! ئەڵێ: لەم کاتەدا بوین و لە فڕۆکەخانەکەوە وترا: فڕۆکەکە دەکەوێتە ڕێ، منیش ناونیشانەکەیم لێوەرگرت، ماڵئاوایم لێکرد و لە دڵی خۆم وتم: دو سێ ڕۆژێکە و لە بیری دەچێ، ئەڵێ پاش ماوەیەکی کەم لە گەیشتنەوەم بۆ شوێنی خۆم، تەلەفۆنێکم بۆ هات تەماشا دەکەم ئەوە، ووتی: حەز ئەکەم بتبینم، ئەوەبو مەوعیدێکمان دانا و یەکترمان بینی، هەر کە چاوی پێم کەوت باوەشی پێمدا کرد و دەستی کرد بە گریان، وتی: واللە لەو ڕۆژەوە بە ئیسراحەت نەخەوتوم، خەو لە چاوم ناکەوێ بە کەمی نەبێت! چی بڵێم بە خوا لەو ڕۆژەی کە پرسیارم لێدەکات: زینات کرد؟ بڵێم: بەڵێ خوایە بەم پێیانەی خۆم ڕۆیشتم بۆ زیناکردن؟؟!! وتم: خوا ڕەحمەتی فراوانە. وتی: نەهاتوم بۆ سەردانی کردنت، هاتوم بۆ ماڵئاوایی لێکردنت، ناتبینمەوە لە بەهەشت نەبێت ئەگەر خوا ڕەحمی پێکردم، وتم: خێر بۆ کوێ دەڕۆی؟

وتی: دەمەوێ خۆم ڕادەستی دادگا بکەم ودان بە تاوانەکەمدا بهێنم، تا حەددی خوام لەسەر جێبەجێ بکرێ، وتم: لەخوا بترسە! ئەی تۆ نازانی حەددی زیناکەر بەرد باران کردنە تا مردن، ستری خۆت و خێزانەکەت بکە، تۆ خێزانداری، ستری هاوڕێکانت بکە، وتی: کەسیان لە ئاگری دۆزەخ ڕزگارم ناکەن! ئەڵێ: کە بینیم زۆر سورە وپاشگەز نابێتەوە، وتم: باشە بەڵێنێکت لیوەردەگرم، وتی: بەس نەڵێی خۆت مەدە بە دەستەوە، وتم: ئەوە ناڵێم، پێم وت: دەستم بەرێ وگفتم پێ بدە، ئەڕۆین سەردانی فلاَن زانا دەکەین، کە یەکێکە لە زانا پایە بەرز و خوا ناسەکان، ئەو هەرچی وت بە قسەی دەکەین، ئەگەر وتی: خۆت بدە بە دستەوە، بە دەستی خۆم دەتبەم تەسلیمت دەکەم، ئەگەریش وتی: نابێ خۆت تەسلیم بکەی پێویستە بە قسەی بکەی، وتی: باشە ڕازیم.

ئەڵێ: کە چوم سەردانی ئەو زانا بەڕێزەم کرد وباسەکەم بۆ گێڕایەوە، وتی: با خۆی تەسلیم نەکات، هەروەها پێی وتم: ئەو گەنجە بێزاری کردوم ئەوەندە تەلەفۆنی بۆ کردوم، پێم وتوە: خۆت تەسلیم مەکە و لە نێوان خۆت و خوادا تەوبە و داوای لێخۆشبون بکە، پەروەردگار لە تاوانەکان خۆش دەبێ. ئەڵێ: وتی بۆ ئەوەندە ئازاری ئەو زانایەت داوە؟ وتی: ویستم ڕازی بکەم و خۆم لەو ئازار و نارەحەتیەی دڵ ڕزگار بکەم. ئەڵێ: لەو قسانەی کە ئەو گەنجە بە زاناکەی وتبو: ئەی مامۆستا لە خوا بترسە، لە قیامەتدا یەخەت دەگرم ئەڵێم پەروەردگارا ویستم خۆم بدەم بە

دەستەوە ئەم مامۆستایە نەیهێشت، مامۆستاکەش وتی: ئەمە ئەوەیە کە پێی دەگەمەوە بە خوا، فەتواشم بۆ نەداوی بە عیلمەوە نەبێت.

ئەڵێ: پاشان پێی وتم: من ماڵئاواییت لێدەکەم، وتم: بۆ کوێ؟ وتی: بۆ حەج ئەڕۆم -جا ئەوکاتە نزیکی حەج بو-، داوام لێکرد لەگەڵ ئێمەدا حەج بکات، وتی: نا، جا من وامزانی هاوسەفەری تری هەیە و ئەیەوێت لەگەڵ ئەواندا بڕوات، ئەڵێ: ڕۆیشتین بۆ حەج، دووەم ڕۆژی جەژن بوو لە دورەوە بینیم، بانگم کرد: «ئەحمەد، ئەحمەد» -جا ناوی ئەحمەد بو-، ئەڵێ: ئاوڕی دایەوە وکە منی بینی ڕوی وەرگێڕا و ڕایکرد، وتم: سبحان الله! تۆ بڵێی ئەحمەد لەبەر چی وایکرد، چی دڵی گۆڕی بێ لە ئاست من؟! وتم: بەشکو گەڕامەوە لە «ڕیاز» بینیم لێی دەپرسم، کە گەڕاینەوە بینیم و پێم وت: ئەحمەد ئەوە بۆ بانگم لێکردی خۆت لێونکردم، وتی: حەزم کرد بە تەنها بم، بە تەنها حەجم کرد لەسەر پێی خۆم هەمو شەعیرەکانم ئەنجامداوە، بەڵکو خوا ببینێ بە پێ لە میناوە دەڕۆم بۆ عەرەفە، یان دەڕۆم بۆ موزدەلیفە، یان بۆ ڕەمی جەمەرات، بەڵکو خوا ببینێ و بەزەیی پێمدا بێتەوە، وتم: ئەی کە بانگم لێکردی ڕاتکرد؟ وتی: سەرقاڵی استغفار کردن بوم، سەرقاڵی داوای لێخۆشبون کردن بوم لەو تاوانەی کردبوم. لە حەجەکەیدا جارێك دەیوت: دەترسم بە هۆی شومی تاوانەکەمەوە خوای گەورە لەوانەی دەوروبەریشم خۆش نەوێ، جاروباریش

دەیوت: بەڵکو خوا بەهۆی ئەم نوێژکەر و خواناس و تەسبحات کارانەوە لێم خۆش ببێت

جا پێم وت: بۆ نایەی لەگەڵماندا لە کۆڕ و دەرسەکان ئامادە بیت، لەگەڵ ئەو مامۆستایانە دانیشیت و لە زانستی شەرعی سود وەربگری، وتی: نەخێر، ئێوە پاکن و من پیس و زیناکارم، نامەوێ ئێوەش پیس بکەم بە زیناکەی خۆم.

تەماشا بکەن چۆن ملکەچ و زەلیل بووە، کاتێك تاوان کەسێك توشی ملکەچی و زەلیلی دەکات، زۆر لە عابدێك باشترە کە بە هۆی عیبادەتەکەیەوە توشی فیز و لوت بەرزی ببێت، نوزەی گریانی تۆبەکاران خۆشترە لە تەسبیحاتی عابیدانی خۆ بەگەورەزانان.

ئەڵێ: ئەم تۆبەکارە دوای حەجکردنەکەی زیاتر مولەتەزیم بو بە دینەوە و تەنانەت قورئانی لەبەر کرد و ڕۆژ نە ڕۆژێکیش بە ڕۆژو دەبو.

ئەڵێ: پەیوەندی نێوانمان توند وتۆڵ بو، سەردانی یەکترمان دەکرد و هاتوچۆی یەکترمان دەکرد و بەردەوام بوین لە دەرسەکان، کە ئەو ماوەیە مامۆستا باسی ژیاننامەی پیاوچاکانی دەکرد، لەو چیرۆکانەی کە مامۆستا لە مەجلیسەکەدا باسی دەکرد، چیرۆکی ڕەبیعی کوڕی خوسەیم «الرَّبِيعُ بنُ خُثَيْم» بو، ئەو گەنجەی کە تەمەنی سی ساڵی تێنەپەڕاندوە، خواناس، دیندار، ڕو لە مزگەوت، لە خوا ترس،

بەڵام ئەو شوێنەی ئەوی تێدابوو کۆمەڵێك خوانەناس و خراپەکار و مونافیقی تێدا بو -وەکو چۆن لە هەمو شوێنێك هەمو ڕو لە خوایەك هەندێك لەو خەڵکە خراپەی هەر بەر دەکەوێت فمستقل ومستکثر-، جا وتیان: با پیلانێك بۆ لە خشتەبردنی ڕەبیع دابنێین، وتیان: جا چی بکەین؟ وتیان: ئەچین بۆلای «غانیە» -کە ئافرەتێك بوو ئەوەندە جوان بو پێیان دەوت غانیە، غانیەش واتە: پێویستی بە خۆ جوانکردنەوە نیە ئەوەندە جوانە-، جا ڕۆیشتن بۆ لای و وتیان: ئەوە هەزار دینار بۆ تۆ، لەسەر چی؟ بەس بە مەرجێ ڕەبیع ماچێکت بکات، ئەگەر ماچێکی کردی ئەوە هەزار دینار بۆ تۆ!! ئەویش وتی: دوو هەزار بۆ ئێوە ئەگەر کەمترین شتم لەگەڵ بکات. ئەڵێ: ڕۆیشت خۆی بۆ ئامادەکرد و کاتێکی گونجاوی بۆ دیاریکرد و چوە بەردەمی ڕەبیع و خۆی پیشانی ڕەبیعدا و هەموو جلەکانی لەبەر خۆی لادا، بەڵام ڕەبیع یوسف -علیه السلام- ئاسا کە وتی: ﴿قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ﴾ «پەنا بە الله، ئەی چی بڵێم بە پەروەردگارم کە ڕێزی لێناوم، چۆن دەست دەبەم بۆ حەرامکراوەکانی»[١٤]، بە ئافرەتەکەی وت و هاواری کرد بەسەریدا: لە خوا ناترسی؟! چی دەکەی ئەگەر ئێستا لاشەت گەڕ بێت و ئەو جوانیەی کە هەتە

[١٤] ئەمە لەسەر ئەو تەفسیرەی کە «رب» لێرەدا: مەبەست پێی الله یە، وتراویشە مەبەست پێی عزیزی میسرە، هەردوکیشیان هەڵدەگرێت ماناکەی والله أعلم.

بڕوات؟! چی دەڵێی ئەگەر ملك الموت دابەزێت و پەتی ژیانت بپچڕێنێت، ئەی چی ئەڵێ کە نەکیر و مونکەڕ پرسیاریان لێت کرد؟! هەر ئەوەندەی وت ئافرەتەکە دەستی کرد بە هاوار کردن و وتی: «حسبي حسبي» بەسمە بەسمە، ئەوەبو پەشیمان بویەوە و دەستی کرد بە عیبادەتکردنی خوا، تا وای لێهات ناونرا بە «عابدة الكوفة» «خوا پەرستەکەی کوفە»، ئەو فاجر و فاسیقانە وتیان: بەڕاستی ڕەبیع ئەویشی لێخراپکردین و ئەویشی لێتێکداین!!

ئەڵێ: کە ئەحمەد کە گوێی لەم چیرۆکە بوو دەستی کرد بە گریان و وتی ڕەبیع دەڕۆن بۆلای و وەلآمیان ناداتەوە، بەلآم من بە پێی خۆم دەڕۆم بۆ لایان، ئەو بەردەمی لێدەگرن و دەڵێ: نەخێر، بەلآم من بە پێی خۆم دەڕۆم بۆ زینا کردن، ئەڵێ: بە گریان و دڵشکاوی و دڵتەنگیەوە مەجلیسەکەی بەجێهێشت.

ئەڵێ: جارێکیان یەکێك لە زانایانم بینی باسی چیرۆکی ئەحمەدم بۆ کرد، کە چەند ملکەچ و هەمیشە خەریکی قورئان وخویندن و ڕۆژو گرتنە، وتی: بەڵکو ئەو زیناکردنەی ببێتە هۆی چونە بەهەشتی، وا دەزانم هەندێك ئایەت بۆ بۆ ئەو کوڕە زۆر گونجاوە و لەسەر ئەو جێبەجێ دەبێت، خوا سبحانه وتعالى دەفەرموێ:
﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ

الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا * إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا * وَمَنْ تَابَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ مَتَابًا﴾ پەروەردگار باسی سیفاتی عباد الرحمن دەکات، سیفاتی بەندەکانی خۆی، جا لەو سیفاتانەیان ئەوەیە: هاوار لە غەیرە خوا ناکەن، نەفس ناکوژن بە ناهەق و حورمەتی نەفس ڕادەگرن، زیناش ناکەن، هەرکەسێکیش ئەوە بکات دەخرێتە ناو دۆزەخەوە بە هەتا هەتایی بە سەر شۆڕ تێیدا دەمێنێتەو، مەگەر کەسێك کە تەوبە بکات، وئیمان بهێنێت و کار و کردەوەی چاك ئەنجام بدات، ئا ئەوانە خوا سبحانە وتعالی چیان بۆ دەکات؟ تەماشای بەزەیی و میهرەبانی رب العالمین بکەن: «خراپەکانیان بۆ دەگۆڕیت بە چاکە»، زیناکەی بۆ دەگۆڕێت بە چاکە؟ بەڵێ، دەیگوڕێت بە چاکە.

ئەڵێ هەر کە بیستم سەیرم لێهات، وتم: چۆن تا ئێستا لەم ئایەتە بێ ئاگابوم؟!! ئەڵێ: ڕاستەوخۆ چوم بۆ ماڵیان، بۆ کۆشکە جوانەکەی ماڵ باوکی ئەحمەد، پێیان وتم: ئەحمەد لە ماڵ نیە و لە مزگەوتدایە، ڕۆیشتم تەماشا دەکەم، گەردنکەچانە خەریکی خوێندنەوەی قورئانە، وتم: مژدەیەکم پێیە بۆت، وتی: چیە؟ وتم: ﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ﴾ ئەڵێ کە گەیشتمە ئەم ئایەتە ئەڵێی بە چەقۆ دات لە جەرگی،

بەردەوام بوم لە خوێندنەوە ﴿وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا * إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ هەرکە تەواوم کرد خۆی بۆم فڕێدا و باوەشی پێمدا کرد وسەری ماچ کردم، وتی: واللە هەمو قورئانم لەبەرە، ئەڵێی تا ئێستا ئەم ئایەتەم نەبینیوە، بەڕاستی دەرگایەکی گەورەی هیوات بۆ کردمەوە، بەڵکو بەهۆی ئەم ئایەتەوە خوا بەزەیی پێمدا بێتەوە و لێم خۆش بێت.

ئەڵێ کاتی نوێژی مەغریب هاتو، هاتن نوێژ دابەستن ئیمامی مزگەوتەکە نەهاتبو، بانگ خوێنەکە ئەحمەدی خستە پێشەوە، ئەڵێ: اللە أکبری کرد و سورەتی فاتیحای خوێند و دەستی کرد بە خوێندنی ﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا * إِلَّا مَنْ تَابَ﴾ کە گەیشتە ﴿إِلَّا مَنْ تَابَ﴾ ئەوەندە گریا نەیتوانی ئایەتەکە تەواو بکات و ڕۆیشتە ڕکوع، کە بۆ ڕکاتی دووەم هەستایەوە دیسانەوە ئەو ئایەتەی خوێندەوە، کە گەیشتە ﴿إِلَّا مَنْ تَابَ﴾ دیسانەوە ئەوەندە گریا نەیتوانی ئایەتەکە تەواو بکات و

ڕۆیشتە ڕکوع و نوێژەکەی تەواو کرد، ئەڵێ لەسەر ئەم حاڵەتە ماینەوە تاوەکو ڕۆژێك لە ڕۆژان هات، ڕۆژی هەینی لە پشوی بەهاردا، ساڵی ١٤٠٩کۆچی[١٥]، ڕاستەوخۆ پاش نوێژی عیشا تەلەفۆنێکم بۆ هات، وتی: من باوکی ئەحمەدی هاوڕێتم، کارێکی زەرورم پێتە و خێرا وەرە بۆلام، ئەڵێ: خێرا کەوتمە ڕێ و ترسام شتێك ڕویدا بێت، کە گەیشتمەی کۆشکەکەی ماڵی باوکی تەماشا، دەکەم باوکی لەبەر دەرگا ڕاوەستاوە و چاوەڕێمە، وتم: چی بوە، وتی: هاوڕێکەت داوای لێبوردنت لێدەکات، ماڵئاوایی لێدەکات بۆ ئاخیرت، مەغریبی ئەمڕۆ گەڕایەوە لای پەروەردگاری، پاشان باوکی دەستی کرد بە گریان، پاشان ڕۆیشتمە ماڵەوە، وبردمیە ژورێکەوە تەماشا دەکەم ئەمە ئەحمەدە هەڵیان ژاندوە و بان چاویان داوە، بان چاویم لادا، واللە نورم بینی نور، نور لە نێو چاوانی دەباری لە جوانی و درەوشاوەیی، زۆر لەوە و پێش جوانتر بو، ئەڵێ: باوکی وتی توخوا ئەم کوڕەم چی کردبو؟ بۆ لەم سەفەرەی هاتەوە ئەم کوڕە توشی ئەم حاڵەتە بوو؟ ئەڵێ: منیش بەڵێنمدا بو باسی لای هیچ کەسێك نەگێڕمەوە، جا وتم: خۆشەویستێکی لە دەستدابوو، هەرواش بوو، چونکە ئەو ئیمانە عەزیزەی لە دەستدابوو، ئەڵێ: خێزانەکەی وتی واللە لەو ڕۆژەوە کە لەو سەفەرەی هاتۆتەوە هەرگیز بە ئیسراحەت نە خەوتووە.

---

[١٥] واتە: ساڵی ١٩٨٩ـ١٩٩٠

وتمە باوکی چیرۆکی مردنی ئەم کوڕە چۆن بو بۆم بگێڕەوە، وتی: وەك خۆت دەزانی ئەم کوڕە رۆژ نە ڕۆژێ بە ڕۆژو دەبوو، ئەمڕۆ ڕۆژی جومعە بە ڕۆژو بوو، لە مزگەوت هەر نەهاتەوە و هەر دەپاڕایەوە بە ئومێدی بەر ئەو ساتە بکەوێت کە دوعای تێدا گیرایە، تۆزێك پێش مەغریب ڕۆیشتم بۆلای وتم: ڕۆڵە گیان! وەرەوە لە ماڵەوە بەربانگ بکەرەوە، وتی: بابەگیان هەست بە ئاسودەییەکی زۆر دەکەم و زۆرم لێمەکە، وتم: ڕۆڵە گیان! وەرەوە لە ماڵەوە بەربانگ بکەرەوە، وتی: بابەگیان شتێکم بۆ بنێرن لێرە بەربانگ دەکەمەوە، دوای نوێژی عیشا دێمەوە، وتی: ڕۆڵەگیان کەیفی خۆتە. باوك ئەڵێ: کە هاتمەوە دوای نوێژ هەستم بە شتێکی سەیر کرد لە ناخمدا و ئاسودە نەبوم کوڕە بچکۆلەکەمم نارد، وتم: بڕۆ بۆ مزگەوت بزان دەنگوباسی براکەت چۆنە، ئەڵێ: منداڵەکە بە هاوەرەوە هاتەوە و وتی: بابەگیان ئەحمەد قسەم لەگەڵدا ناکات، باوکی ئەڵێ: منیش بە خێرا ڕۆیشتم بۆ مزگەوت، تەماشا دەکەم ئەمە ئەحمەدە ڕاکشاوە و لە دوا ساتەکانی ژیانیدایە، شانی دابو بە شتێکەوە کە ئیسراحەتی تێدا دەکرد و پشتی پێدەدایەوە، منیش پشتێکەم لادا و شانیم دابە خۆمەوە، تەماشا دەکەم ناوی مامۆستا ئەحمەد دەهێنێت، وەك ئەوەی وەسیەتی سەلام لێکردنی بکات، پاشان لەو دوا ساتانەی ژیانیدا بزگەیەك گرتی، و واللە هەرگیز نەمبینیوە بەو شێوە پێ بکەنێت دوای گەڕانەوەی لەو سەفەرە، پاشان ئا لەو ساتانەدا دەستی کرد بە خوێندنی: ﴿وَالَّذِينَ

لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ
* وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا
* إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ﴾،

ئەڵێ: کە گەیشتە ئێرە ئیتر ڕوحی دەرچو. پاشان باوکی وتی: واللە نازانم بۆ ئاخر خێریەکەی بگیرم، یان بۆ لە دەستدانی جگەر گۆشەکەم. بۆیە ئەم چیرۆکە ئەبێتە مایەی باش بونی خانەوادەکەیی و براکانی و هاوڕێکانی.

# لە لۆتاللدا

ڕاکە و برۆ بەرەو خوا.. ڕاکە لە دەست هەوا و ئارەزوو.. ڕاکە لە دەست سەرپێچیکردن.. ڕاکە لە دەست تاوان.. ڕاکە لە دەست شوبوهات.. ڕاکە لە دەست شەهەوات.. ڕاکە لەدەست دونیا هەمووی.

ڕووبکە پەروەردگارت، بگەڕێوە، پاشگەزبەوە، پەشیمان بەوە، تەوبە بکە، با تاوانەکانیشت زۆر بن، با گەورەش بن، چونکە پەروەردگار بە شەو دەستی ڕادەخات تا ئەوانەی بە ڕۆژ تاوانیان کردوە تەوبە بکەن و ئەویش لێیان خۆش بێت، بە ڕۆژیش دەستی ڕادەخات تا ئەوانەی بە شەو تاوانیان کردوە تەوبە بکەن و ئەویش لێیان خۆش بێت.

دە برام.. خێراکە، خوشکم هەستە بەرەو ڕەحمەت و لێخۆشبویی خوا، پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ.

داواکارم لە پەروەردگار من و تۆش لەوانە بگێڕێ کە بەڕاستی تەوبە دەکەن، بەڕاستی ڕوو دەکەنە خوای پەروەردگار، بەڕاستی بۆ خوا دەسوڵحێن، خوای مەزن ئەم کارە بۆ من و نوسەرە بەڕێزەکە و بۆ تۆی خوێنەریش کە کاتێکی خۆتت بۆ

خوێندنەوەی تەرخانکرد بکاتە مایەی لێخۆشبون، بیکاتە مایەی قورسکردنی میزانی حەسەناتمان، بە فەزڵ و کەرەمی لوتفی خۆی.

سوپاس وستایش هەر شایستەی خوایەی خاوەن شکۆیە، وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِين، وصَلَى اللهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّد، وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّم.

تم بحمدالله تعالى

## چاوەڕێی ئەم بەرهەمانە بن إن شاء الله:

١- چرای ڕوناك لە سیرەی پەیامبەری ڕاستگۆی دەستپاك. تەواو بووە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بكات.(( ٢ بەرگ)).

٢- إتحاف الأخيار عن كيفية صلاة النبي ﷺ من حيث الإطالة والإختصار. تەواو بووە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بكات.

٣- جیاوازی نێوان موسڵمانان. هۆكار وچارەسەر.تەواو بووە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بكات.

٤- تەبەروك كردن وجۆرەكانی. ((نامیلكە))تەواو بووە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بكات.

٥- پەروەردەكردنی منداڵان و بەرپرسیارێتی دایكان و باوكان. تەواو بووە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بكات.((نامیلكە))

٦- جیهانی جنۆكە و شەیتانەكان.تەواو بووە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بكات.

٧- كارەكانی دڵ . تەواو بووە خوای میهرەبان لەچاپدانی ئاسان بكات

٨- ڕونكردنەوەی ناوە چاكەكانی خوای گەورە. تەواو بووە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بكات.

٩- وەفا و ئەمەکداری پێغەمبەری خواﷺ. «نامیلکە».تەواو بووە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

١٠- ڕۆژهەلاّتناسی و ڕۆژهەلاّتناسان. «نامیلکە» خوای میهرەبان تەواو بوونی ئاسان بکات.

١١- داوێن پیسی هۆکارەکانی، کاریگەریەکانی، چارەسەر. خوای میهرەبان تەواو بوونی ئاسان بکات.

١٢- نەخۆشیەکانی دڵ خوای میهرەبان تەواو بوونی ئاسان بکات